# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی پێنجەم ژمارە(101) بەرواری 1-7-2021 | بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێكدا دەردەچێت




**سەبارەت بەلەشكركێشی توركیا بۆ سەر هەرێمی كوردستان، و بارگرژی نێوان پارتی و یەكەكە هەریەك لە بەڕێزان تاهیر حاجی حەسەن و فاتیح عەباس لە گفتوگۆیەكی تایبەتدا بۆ بۆپێشەوە دەدوێن...**



**لەلاپەرەكانی9-10-11-12 دەقی گفتوگۆكان دەخوێننەوە...**

## وتەی ژمارە

## ئایندەی سیاسی كوردستان و ئەڵتەرناتیفی كارساز

مەترسی لەسەر ئایندەی سیاسی کوردستان، راستییەکە هەمیشە بوونی بووە و هەیە. ژمارەیەک نووسەر و تەنانەت بەشێکی زۆر لەسەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە ئاشکرا ئەو مەترسیەیان راگەیاندووە، دیارە ئاستی مەترسییەکان لەهەر برگەیەکدا بەجۆرێک بووە. مەترسی هێرشی هێزەکانی داعش و شێوەی داعش، حەشدی شەعبی و هێزەکانی سوپای عێراق، لە ئاستی ناوخۆی عێراقدا. هێرشی وڵاتانی وەکو ئیران و تورکیا لە ئاستی



ناوچەییدا، ئەو مەترسیانەن کە هەمیشە بوون و هەن و کاریگەری هەمەلایەنەشیان لەسەر دۆخی سیاسی کوردستان داناوە، و ئاڵوگۆری بەسەر پێگەی بزوتنەوەی کوردایەتی و قەوارەی هەرێمدا جێهێشتووە.

لەدرێژەی ئەم ئاڵوگۆڕ و دۆخە سیاسیەدا، تا هاتووە ئاستی مەترسییەکان بۆسەر هەریمی کوردستان زۆرتر بووە، باڵانسی هێز بە زیانی پێگەی هەریمی کوردستان و هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی شکاوەتەوە و لەبەرامبەردا بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە بۆرژوازییەکان لە ئاستی عێراقدا توانایان زیاتر بووە، بەو پێیەش تەماحی سیاسیان لە هەرێمدا هەڵکشاوە. ئەمە وای کردووە روئیای بزوتنەوەی کوردایەتی لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتیاندا ئاڵوگۆری بەسەردا بێت. ئەگەر بۆ دەورەیەک بزوتنەوەی کوردایەتی بێباک بوو لەبەرامبەر بە بەغدا و زۆرتر رووی لە پشتیوانی و کۆمەکی ئەمریکا و غەرب بوو، رووی لە هاوکاری و کۆمەکی وڵاتانی ناوچەکە وەکو تورکیا و ئیران بوو، ئێستا سەرجەم هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەجیا لەوەی ناتوانن خۆیان لە سیاسەتی ئەمریکا و غەرب و وڵاتانی ناوچەکە دابڕن و پێوەی پەیوەستن، بەڵام بە پلەی یەکەم روویان لە بەغدایەو ئومێدی سیاسیان بە ناوەندەوە بەستۆتەوە. ئەم ئاڵوگۆرە ریشەی لە ئاڵوگۆرە فراوانترەکانی عیراق و ناوچەکە و بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسیەکانیاندایە.

بوونی بەردەوامی مەترسی بۆسەر هەرێمی کوردستان، ریشەی لە واقعیەتی سیاسی هەرێم و ئەو هەلومەرجە تایبەتیەدایە کە هەرێمی کوردستان لە ئاکامی جەنگی کەنداو و بۆشایی و سیاسی و پاشان روخانی رژیمی بەعسدا، بۆی پێکهاتووە.

هەرێمی کوردستان، لەساڵی ١٩٩١ وە، خاوەن تایبەتمەندیەکی دەگمەن لە مێژووی سیاسی دنیادایە، ئەو تایبەتمەندیەش گیرۆدەبوونیەتی لەگەڵ گیژاوێکی

بۆ لاپەڕە 2

## مانگرتنی سەراسەری كرێكارانی نەوت و غاز و پترۆكیمیایی لە ئێران... راسانێكی كرێكاری نوێ!



زیاتر لە ٦٥ بەشی کرێکارانی نەوت و غاز و پەترۆکیمیایی لە ئێران دەستیان داوەیە مانگرتنێکی فراوان و سەراسەری. خواستەکانی کرێکاران بەشێوەی گشتی بریتییە لە زیادکردنی حەقدەستەکان، کردنی پەیمانی کاتی کرێکاران بۆ هەمیشەیی، باشکردنی شوینی کار، لابردنی کەشی ترس و تۆقاندنی کرێکاران، دانی دەرماڵەی مەترسی کار... ئەم بەشانەی تا ئیستا لە مانگرتندان و نزیکەی ١٠ رۆژە بەردەوامن لە کۆبونەوەو مانگرتن بریتن لە: کرێکارانی...

بۆ لاپەڕە 3

## كاتێك دادگا و دادوەر رۆڵی جەلاد دەگێڕن! لەپەراوێزی سەپاندنی سزا بەسەر گیراوەكانی بادیناندا...





دادگای تەمیز، هەمان تۆمەتەکانی پێش دادگایی زیندانیەکانی بادینانی سەرۆکی حکومەتی، پشت راستکردەوە و بەو تۆمەتە پوچ و دروستکراوانەش ٥ لە زیندانییەکان سزای شەش ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپێنرا و ٢٣ ی ئەم مانگەش سزای ١٤ مانگ زیندانی و غرامەی ٢٤٠ هەزار دیناری بەسەر ئومێد بەروشکیدا سەپاند... هاوکات دەیان کەسی تر لە... هەڵسوڕاوان و چالاکوان و رۆژنامەنووسی تری

بۆ لاپەڕە 3



**بزوتنەوەی كرێكاری وەك هەمیشە پێشڕەو لە ناڕەزایەتییەكان..ل4**



**پەتای كۆڤید ١٩ و تێڕوانینی گروپی ٧ و ئەلتەرناتیڤی بۆرژوازیانە...ل5**



**ئازادی بەبێ ڕزگاری چەوساوەكان بەدی نایە!...ل6**



**پرسی ژن** ؟ ل 7

**كۆشەی ئەدەب و هونەر** ل8

## درێژەی وتەی ژمارە

سیاسی و سەرگەردان بوونی حقوقیەتی لە جغرافیای سیاسیدا. کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ وە و لە ئاکامی پاشەکشەی دەسەڵاتی هیزەکانی بەعس و دەزگا ئەمنی و ئیدارییەکانی، رووبەرووی بۆشایەکی سیاسی بۆوە، و بەپاڵپشتی ئەمریکاو غەرب و بە هێنانی یاسایی ٦٨٨ ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەکان، پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە سیاسی و ئیدارییە سپێردرایە پارتی و یەکێتی. بەڵام لە باری حقوقیەوە سەرگەردان کرا، واتە ناسنامەیەکی حقوقی لە جغرافیای سیاسی دنیادا، هەڵواسرا، نە بەشیک بوو لە عێراق و نە بووە وڵات و دەوڵەتێکی سەربەخۆش. ئەمەش وایکرد دەرگای دەستێوەردان و لەو جغرافیایەدا بێ گومرک و بێت و هەر وڵات و دەوڵەت و تەنانەت دەزگا و باندی جاسوسی و هیزی دەرەکی بتوانن تەراتێنی تیا بکەن، زیاتر لەوەش کوردستان کرایە کانوونێک بۆ بردنە پێشەوەی ململانێی ناوچەیی و وڵاتەکان و هاوکاتیش وەکو کایەی کارتێکی سیاسی لەلایەن هیزە سیاسیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەبەرامبەر بەغدادا بەدەستەوە گیرا.

ئەم برگەیە لەسەرگەردانی دۆخی سیاسی هەرێم، درێژەی کێشا تا روخاندنی رژیمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣دا، لەوکاتە بەدواوە، هەرێمی سیاسی کوردستان بەوێنەی هەریمێکی سەرگەردان، بەڵام لەژیر سایەی دەسەڵاتێکی هاوبەشی پارتی و یەکێتیدا، بەبەراورد بە بەشەکانی تری عێراق، بووە ناوچەیەکی ئارامتر و سەقامگیر تر لەباری ئەمنییەوە، بەتایبەتیش کە هەرێم نەبووە بەشیک لە بەیەکدادانی قەومی تایفی و مەزهەبی کە خوارو ناوەراستی عێراق لە جەنگی یەکلایی کردنەوەی دەسەڵاتی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە بۆرژوازیەکانی، دەرگیری ببوو.

روخانی رژیمی بەعس، برگەیەکی دیاریکراو یان ویستگەیەکی گۆڕانکاری نیوان هەرێم و بەغدا بوو. تا ئەوکاتەی رژیمی بەعس لەسەر کار بوو، خەڵکی کوردستان هەمیشە لە دڵەڕاوکیی گەرانەوەی رژێمی بەعسدا بوون. دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، بە پاساوی بوونی هێزەکانی بەعس لەودیو سنورەکانی هەرێم، لەلایەکەوە شەرعیەتی دەسەڵاتدارێتی خۆی دادەسەپاند و هاوکاتیش شانی خۆی لە سەرەتاییترین ماف و داخوازی و ویستەکانی خەڵکی کوردستان خاڵی دەکردەوە و ئاراستەی نارەزایەتی جەماوەری بە ئاقاری دەسەڵاتی مەرکەزدا ئاراستە دەکرد.

کەوتنی دەسەڵاتی بەعس، ئەو چەکەی لەدەستی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەرهێنا کە خەڵکی کوردستان بە هیزەکانی بەعس بترسێنی و شانی خۆیشی لە بەرپرسیاریەتی خاڵی بکاتەوە. ئەم دۆخە بەتایبەتی نەمانی دەسەڵاتی بەعس دەروازەی بەرووی نارەزایەتی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی هەرێمدا، کردەوەو یەکەمین شەپۆلەکانی نارەزایەتی جەماوەری بەدژی دزی و تاڵانی و گەندەڵی و بزوتنەوەی کوردایەتیدا، لەسەراسەری کوردستاندا دەستی پێکرد.

بەڵام دەستپیکردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، دیسان لە هەریمێکی بێ ناسنامەی حقوقیدا دەچووە پێشەوە، دەسەڵاتی بەعس روخا، کۆمەڵگەی عێراق، رووبەرووی بۆشایەکی سیاسی و دەسەڵاتدارێتی بۆوە، بەپێچەوانەی هەریمی کوردستانەوە ناسنامەی دەوڵەتی و حقوقی لەدەست نەدا، بەڵام بۆشایەکی سیاسی و ئەمنی و ئیداری سەراپای عێراقی داگرت، بەپێچەوانەوە کوردستان تاکو ئیستا کە بەوێنەی جغرافیایەکی خاڵی لە پیناسەی حقوقی چ لە ئاستی عێراق و چ لە ئاستی نیودەوڵەتیدا، پەلوپۆی دەکوتی.

بنیات نانەوەی عێراق و هەوڵ بۆ دامەزراندنەوەی ستراکتۆرەکانی دەسەڵاتدارێتی، بووە چوارچێوەی ململانیی هیزو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی بۆرژوازی عێراقی بۆ دەوڵەتیکی تر بە ناوەرۆکێکی نوێوە، کە هیزە دەرەکیەکان لە ئەمریکاو غەربەوە بۆ ئیران و تورکیا و جهانی عەرەبی، رۆڵی سەرەکیان تیادا هەبوو. وە ئەوان بوون جوڵە و ئاراستەی سیاسی و نەخشەی حزب و لایەنە سیاسیەکانی عیراقیان ئاراستە دەکرد، هەریمی کوردستان لەم ململانێیەدا لەگەڵ ئەوەدا خاوەنی دەسەڵاتی خۆی بوو، بەڵام رۆڵی لاکەوتەو پەراوێزی لە بنیات نانەوەی دەوڵەتی عێراقدا هەبوو. ئەوەی بۆ بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد گرنگ بوو، سیاسەتی بەشدار بوون و رەوایەتی دەسەڵاتی سیاسی هەریم و پچرینی پۆست و بەشی داهات بوو لە سامانی عیراقیدا، نەک وەڵام دانەوە بە پرسی بێ ناسنامەیی و حقوقی خەڵکی کوردستان، کە لەهەموو بارێکەوە تاڕادەیەکی باش زەمینەی ئامادەبوو.

لەو کاتەوە واتە لە کاتی روخانی رژیمی بەعسەوە بۆ ئیستا سەرباری هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەسەر ئاستی دنیا، ناوچەکە، بەتایبەتیش عێراقدا پێکهاتووە، وە بەجیا لە گۆرانی تا رادەیەک کەمی هاوسەنگی هیزی بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، بەڵام دۆخی هەریمی کوردستان، لەئاستی پایەییدا  زۆر لە ساڵی ٢٠٠٣ و تەنانەت لە ساڵی ١٩٩١ دوور نەکەوتۆتەوە. هێشتا ئایندەی سیاسی هەرێم نادیارە، پێناسە حقوقیەکەی هەڵواسراو و ئایندەی سیاسی قەوارەی هەرێم تا ڕادەیەکی زۆر بوون و نەمانی بەندە بە ئاڵوگۆرەکانی ناوچەکەو بەتایبەتیش تیکچوونی باڵانسی هیز لەگەڵ بەغدا.

دیارە گۆرانی هەلومەرجی سیاسی لە عێراقدا بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان خێراترە، عیراق سەرباری هەموو ئەو کیشانەی هەیەتی لەباری ئەمنی، ئابوری و سیاسی و ململانێی ناوخۆی دەسەڵات و کیشەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، بەڵام بەو هۆیەوە دەوڵەتێکی بەرەسمی ناسراو نێودەوڵەتی و خاوەنی تەعەهودات و پەیوەنییە نیودەوڵەتیەکانە، توانای تیپەراندنی هەلومەجی سیاسی هەیە و رێگای گەڕانەوەی بۆناو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ئاسان و بێ کێشەترە. ئەم دۆخەی ئیستا لە عێراقدا هەیە ناتوانێت تا چەند دەهەی تر بەم جۆرە درێژە بکێشێت. ئەمەش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر پرسی ناوخۆیی عێراق و بەتایبەتیش لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان هەیە.

مانەوەی تا ئێستای قەوارەی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتدارێتی بزوتنەوەی کوردایەتی بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا، بەجیا لە زۆری چەکی هیزی ئەحزاب و کۆنترۆڵی داهات و وابەستەبوون بە وڵاتانی ناوچەکەوە، راستەوخۆ پەیوەندی بە دۆخی ناسەقامگیر و لاوازی دەوڵەتی عێراقەوە بووە. واتە بزوتنەوەی کوردایەتی لەسەر حسابی لاوازی ناوەند لەهەرێمدا هەمەکارە بووەو دەسەڵاتی خۆی بەشیوەی سەربەخۆ و بێ پابەندبوون بە حکومەتی ناوەندییەوە درێژە پێداوە. ئەم چەند ساڵەی دوایی رەوتی پاشەکشەی دەسەڵاتی هەرێم لەبەرامبەر کەم کەم پێگرتنەوەی دەوڵەتی عێراقدا، دەستی پێکردووە و بەردەوام دەبێت. ئەمەش قەوارەی هەرێم بەم جۆرەی ئیستا هەیە ناهێڵێت و ئایندەیەکی تر دەخاتە بەردەم هەرێم و تەواوی قەوارەی سیاسی کە پەیتا پەیتا رووی لە باڵادەستی دەوڵەتی عێراقدایە بەسەر مەسەلە چارەنووسازەکانی هەریمدا، لە پرسی سنورەوە بۆ داهات و خاڵە گومرگی و دەروازە سنوریەکان، تا دەگاتە پرسی فرۆشتی نەوت و پەیوەندییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان و پاراستنی سنورەکان و...تاد. هاوکات هیرشی سەبازی و گوشارەکانی دەوڵەتی تورکیا و ئیران، لەدرێژەی خۆییدا دەتوانێت هەلومەرجی سیاسی کوردستان بگۆڕێت و دەسەڵاتی سیاسی بزوتنەوەی کوردایەتی ناچار بکات، بە تەواوەتی بچیتە ژێر چەتری دەسەڵاتی ناوەندییەوە.

بێگومان تا ئەو کاتەش دەسەڵاتی سیاسی لەدەستی پارتی و یەکێتی و بزوتنەوەی کوردایەتیدا بێت، هەر ئاڵوگۆر و تێکچوونی هاوسەنگی هیزێک بەهەر ڕیگایەک بەتایبەتیش ئەگەر لەرێگای بەکارهێنانی هیزەوە بێت کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و ئایندەی سیاسی کوردستان دەبێت. بەڵام ئەم چارەنووسە بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان حەتمی و براوە نییە و دەکرێت ڕیگاچارەو ئەلتەرناتیفێکی تر ئایندەی سیاسی کوردستان بە ئاقارێکی تردا ببات. لە بەشی داهاتوودا لەسەر ئەو ڕیگاچارەو ئەلتەرنایڤە دەدوێن.

**عەبدوڵا مەحمود**

## ماویەتی

## لە بۆپێشەوەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

*** ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.**

*** هیچ بابەتێك بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...**

*** بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و رێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...**



**بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە فۆرمە گشتی و ناڕیکخراوەکەیدا ئەگەر بتوانێت دەسەڵاتیش رابماڵێت، بەڵام ناتوانێت کاری خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی یەکلابکاتەوە،**

## درێژەی....کاتێك دادگا و دادوەر ڕۆڵی جەلاد دەگێڕن!
## لەپەراوێزی سەپاندنی سزا بەسەر گیراوەکانی بادیناندا

بادینان لە زینداندا ڕاگیراون، کە لەچاوەڕوانی حکومی دەسەڵاتی میلیشیایی و دادگای حزبیدان.

سەپاندنی ئەم سزا ناڕەوایە بەسەر چالاکوان و ڕۆژنامەنووسەکانی بادیناندا، ڕقی بێ ئەوپەری دەسەڵاتی بەرامبەر بە ئازادی و ئازادییەکان و هەلسورانی کاری سیاسیدا، سەلماندەوە. دۆسیەی گیراوەکانی بادینان کە بەشێکە لە دۆسیەی ئازادی و ئازادییەکان، هاوکات بەشیکیشە لە ململانێی دەسەڵاتی سیاسی حزبی و میلیشیایی لە دژی خەڵکی کوردستان... ئەم دەسەڵاتە کە ناشیرینترین و قێزەونترین دەسەڵاتی سیاسی ناو مێژووی ئەم سەردەمەیە، لەلایەکەوە موچە دەبڕیت و تالانی سیستماتیک درێژە پێدەدات، لەلایەکی تریشەوە بۆ بێدەنگ کردنی دەنگی نارەزایەتی بەرووی ئەو جەهەنەمەی بۆ چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەڵگە خوڵقاندویەتی چەکی سەرکوت و داپلۆسینی بەدەستەوە گرتووە، دادگاو ئاسایش و دژە تیرۆرو زیرەڤانی و پۆلیس و نوسەری دەرباری بەرداوەتە گیانی ئازادیخوازانی کۆمەڵگەو دەنگە ئازاو تیکۆشەرەکان.

ئەم بڕیارە قەرەقوشییە زادەی دەسەڵاتی بنەماڵەیی و میلیشیایی ناشەرعی بزوتنەوەی کوردایەتی و بەدیاریکراوی پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوبەشەکانیەتی لە یەکیتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان، بڕیارێکە سەرچاوەکەی ترس و هەڵلەرزینە لە ڕاسانی جەماوەری. ترسە لە کۆتاییهینان بەدەسەڵاتیان.

سەپاندی سزا بەسەر کەسانێکدا دژی گەندەڵی و بێ موچەیی جەنگاون، پێداگری دەسەڵاتە لەسەر درێژەدان بەدزی و گەندەڵی و لوشدانی قوتی هاولاتیان و موچەخۆرانی هەریمدا. دادگا و دادوەرە نۆکەر پیشەکان کە زوربەیان نانی حزب دەخۆن و بە پسوڵەی حزبی بۆنەتە هەمەکارە، ڕۆڵی جەلاد لەچوارچێوەی یاسا بنەماڵەیی و میلیشیاییدا، دەگێڕن و لەبەرامبەر بە بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگەو هەر دادگا و دادوەرێکی ئینساندۆست و بێلایەندا، مەحکوم بەسزای یاسایین.

دوای ئەو هەموو بەڵگە زیندوانە کە نیشانی دەدەن گیراوەکانی بادینان، نەجاسوس و نۆکەری بیگانە! و نە تێکدەری ئاسایشی هەرێمن، بەڵکو تیکۆشەری دژە گەندەڵی و خەباتگێری گێرانەوەی موچە دزراوەکانی




هاوڵاتیان و ماندوونەناسی دژی نۆکەر پیشەیی دەسەڵاتن... سزادانیان، بۆ ترساندنی کۆمەڵگەیە، بۆ خامۆشکردنەوەی ئەو ڕق و تورەییە فراوانە جەماوەریەی کە قوڵپ دەدات.

گوێ نەگرتن لە دەیان پاریزەر و ڕیزی بەرینی ئازادیخوازن و چاوداخستن لەبەرامبەر دەیان بەڵگە ئاشکرا بۆ بێتاوانی گیراوەکان، تادەگاتە بیدەنگ بوون لە داوای دەیان ریکخراوەی ئینسان دۆست و نێو دەوڵەتی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای گیراوەکانی بادینان، هەمان کەللە شەقی ڕژیمە دیکتاتۆرەکانی چەشنی سەدام حسێنی دیکتاتۆری گۆڕبەگۆڕ کراو، موئەمەر قەزافی لیبیا و ئاخوندەکانی ئێرانمان نیشان دەدات... گومان لەوەدا نییە، چارەنووسی دیکاتۆرەکان، یەک چارەنووسە... کەمەرگی دەسەڵاتیانە. لە کوردستاندا مەرگی ئەم دەسەڵاتە بە دەستی خودی جەماوەری ئازادیخوازو تیکۆشەر و ریکخراو زامنی، دامەرزاندنی دەسەڵاتێکی دادپەروەر و خۆشگوزەرانە. ئەم نەبەردە لە ڕێگایە و دەتوانێت بە مەنزڵ بگات، ئەوکاتەش کاتی لەقەفەز نانی تاوانبارانی دزی و گەندەڵی و سزای ناڕەوا سەپاندن بەسەر ئازادیخوازاندا، جەژن دەگرین.

## درێژەی... مانگرتنی سەراسەری کرێکارانی نەوت و غاز و پترۆکیمیایی لە ئێران... ڕاسانێکی کرێکاری نوێ!

پەیمانی پتۆکیمیایی گچسازان، پاڵاوگەی بیدبلند لە بهبهان، پیشەسازی عومران، پتۆکیمیایی بوشەهر، کارخانەکانەی نەوت و گاز پارسی خوارو، کارگەرانی کارخانەی پیشەسازی سینا، کریکارانی کارگەی سەدەف، کارگەی نەوتی خشت، پاڵاوگەی ئادیشی خوارو، کارگەی پیشەسازی پترۆ کیمیایی جیهان پاریس، کارگەی پیشەسازی ساتراب خوارو، کریکارانی پاڵاوگەی کارگەی سینا و قشم، شرکەتی توانمند، کارگەرانی ئورهال و پاڵاوگەی نەوتی تاران، کارگەرانی کارگەی ئادیشی خوارو، کریکارانی کارگەی پترۆ کیمیایی پارس و سینان لە عسولیە، سایتی پتۆکیمی بوشەهر، کریکارانی پاڵاوگەی تند گویان، کرێکارانی پترۆ کیمیایی دنا، کارگەرانی کارخانەی جیهان پارس، کارگەرانی فازی ١٣ ی پارس خوارو، کارگەرانی ئاسن تواندنەوەی مەخزەنی کروی لە بوشەهر، کرێکارانی سەیارە چاککردنەوە ئاراک، پرۆژەی کارخانەی فراب، تەواوی کرێکارانی ڕەسمی و نارەسمی فازەکانی ١١،١٢،١٣،١٤ و کریکارانی کاتی فازی ٢٦ی عسولیە، پاڵاوگەی نەوتی ئابادان، کارگەرانی فاز ١٣ کنگان، کارگەرانی پاڵاوگەی بیدخون، کارگەرانی پرۆژەی ئای جی سی پاڵاوگەی ئابادان، کریکارانی کاتی حاجی پور، کەیهان پارس، کارگەی سازە پاد، کریکارانی ڕەسمی نەوت لە پاڵاوگەی نەوتی عەبادان، کارگەرانی کارخانەی نەوتی قشم، کارخانەی سازە پارد، کارخانەی پتوساز لە پاڵاوگەی ئەبدان فاز ٢، کارخانەی خواروی تاران، کەیهان پارس، کارخانەی ڕاژان لە پاڵاوگەی ئادیش، پتروکیمیایی دەماوەند، پترۆکیمیایی دنا، کریکارانی دی پلیمر لە بەشی پیشەسازی عسولیە، مانگرتنی کریکارانی ئورهال، پاڵاوگەی نەوتی زلال ئەسفەهان... لەگەڵ دەیان شوێنی تر بەردەوامن لە مانگرتن و بەشیوەی بەردەوامیش بەشەکانی تری کرێکارانی نەوت و بەشەکانی تر پێیان پەیوەست دەبن و تا دێت، ئەم مانگرتن و نارەزایەتییە کریکارییە بەرینتر و فراوانترو یەکگرتووتر و ئامادەباشتر دەبێت... دەسەڵات و کارفەرمایان و نۆکەرەکانیان لە رێکخراوە زەردە ئیسلامیەکاندا، لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ شەقکردنی ڕیزی کریکاران و ناکۆکی دروستکردن لە نێوانیاندا، بەیاتبەتیش لە نیوان کریکارانی کاتی و دائیمی و پەیمانکارییدا، بەڵام کرێکاران، بەتایبەتی ڕابەرانیان بە هوشیارییەوە ئەم پلانەی کارفەرما و پیاوەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی پوچەڵ دەکەنەوە و تا دێتیش هەم پێداگری لەسەر خواستەکانیان و هەم ڕیزەکانیان بەرینترو یەکگرتووتر دەبێت. ئەم جوڵانەوە بەهیزەی کرێکاران تا ئیستا تەنها گۆشەیەک لەهیزی خۆی هیناوەتە مەیدان و زۆرترش کریکارانی پەیمانکاری بەشی نەوت و پترۆکیمیاوی و گازە... بەرینتر بوونەوەی ئەم مانگرتنانە بۆ هەموو بەشەکانی تر و گوێزانەوەی بۆ کارگەو کارخانەکانی تر تا دەگاتە پشتوانی جەماوەری لە ئاستی کۆمەڵگەدا بەشێوەی فراوان دەتوانێت، سەرەتای گەورەترین ئاڵوگۆری سیاسی لە ئیران و گەورەترین وەڵامیش بێت بە ئاکامی هەڵبژاردنە گاڵتەجارییەکەی ئەم دواییە، کە جەلادی کردە سەرۆک کۆماری ئیران... بزوتنەوەی کریکاریی لە ئیران ڕۆژ بەرۆژ لە حاڵی پێشرەویدایە و پێویستی بە هاوپشتی بەرینی کریکارانی لەسەر کار و ئۆردوی بیکاران و لەوەش واوەتر پیویستی بە هاوپشتی کریکارانی وڵاتانی ناوچەکەو جیهان و ریکخراوە کریکاری و نەقابەکانە لەسەراسەری دنیادا...دیارە تا ئیستا بەدەیان لە ناوەند و کارگە کرێکارییەکان، پشتیوانی خۆیان بۆ خواستەکانی کرێکارانی مانگرتوو ڕاگەیاندووە.

**دۆسیەی گیراوەکانی بادینان ریسوایی دادگا و دادگای پێداچوونەوەی خستە ڕوو... لە ئێستادا ئەم دۆسیەیە بووە بە کەیسیکی تر بۆ ململانێی نێوان دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و بەرەی ئازادیخوازی کوردستان... هەروەها بزوتنەوەی نارەزایەتی بەرووی دادگا و دادگای لێپێچینەوە، کەئامرازی دەستی حزبن بۆ پاراستنی دەسەڵات و ترساندنی دەنگە ئازاد و ئازاو ئازادیخوازەکان...**



# بزوتنەوەی کرێکاری وەك هەمیشە پێشڕەو لە نارەزایەتییەکان!


نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

هەنووکە پێشرەویی و خۆڕاگری بزوتنەوەی ڕادیکاڵ و مافخوازیی کرێکاری وەک پرسێکی حاشا هەڵنەگر هاتووەتەوە مەیدانی کایەی سیاسیەوە و رۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەدەستێنێ. بزوتنەوەیەک کە بە داخوازیی ڕادیکاڵ و ڕێکخستنێکی هەمەلایانە و بە بوونی ڕێبەرانی ڕاستەقینەی کرێکاری ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ بەهێزتر دەبێ و هەموو چین و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ خۆی هاوتەریب دەکات، چونکە داخوازی ئەو هیزە داخوازی رەوای هەموو خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێرانە کە قوربانی سیاسەتی ملهورانە و شەرانگێزانە و ناکارامەیی سیاسی و ئابووری دەسەلاتی کۆماری ئیسلامییە. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو بەهۆی سەرەرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لە بواری پیتاندنی یۆرانیوم و ملهوڕییەکانی لە بەرامبەر دنیای دەرەوە گەمارۆ یەک لە دوای یەکەکان بە دژی ئیران و بەرپرسانی لەلایەن ولاتانی زلهێزەوە سەراپا دوکەڵی ئەو گەمارۆ و ملهوریانە تەنیا و تەنیا چووە چاوی خەڵکی ئەو وڵاتە بە تایبەت چینی کرێکارەوە. بزوتنەوەی کرێکاری لە ئێران بەهۆی چالاکی هێزی چەپ لەو ناوچە و روانگەی چەپ لە ناو خەڵک دا و بوونی ئەحزابی چەپ و ڕادیکاڵ سەرەرای بەرزی و نزمی زۆر، بەڵام هەمیشە لە سەر پێی بوە و لە هەر قۆناغێک بە داخوازیی بەڕۆژ و ڕادیکال هاتۆتە کایەی مەیدانی ساسیەوە و خۆی بە ڕێکخستن کردووە. لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا و دوای دارڕمانی ئابووری ئەو وڵاتە و چوونە سەرەوەی نرخی شتومەک و نەبوونی هەلی کاری لەبار بۆ خەڵک و پەرەسەندنی هێڵی هەژاری، بزوتنەوەی کرێکاری هەردەم لە ریزی پێشەوە خەبات دا بووە و هەموو چین وتوێژەکانی لەگەڵ خۆی هاوتەریب کردووە. لە ناو ئەو بزوتنەوەدا ئەوەی جێگای خۆشحاڵیە بوونی ژنانی پێشرەوکە تەنانەت لەرادەی ڕیبەری بزوتنەوە بەرچاو دەکەوێ. کۆماری ئیسلامی کە لە بواری کوشتن و بڕین مێژوویەکی ڕەشی هەیە دیسان بە زیندان وئەشکەنجە وەلامی دانەوە و ئەو شێوازە لە سەرکوتە تا بە هەنووکەش هەربەردەوامە. ڕژیمی هاری ئیسلامی کە هەموو کات بە زیندان وئەشکەنجە و کوشتن و بڕین وەلامی داخوازیی ڕەوای خەڵکی داوەتەوە جارێکی تر بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک دەستی دایە گرتن و ڕەشبگیری و کەسانی دیاری ناو بزوتنەوەکە کە ڕۆڵی ڕیبەرانی کرێکاریان هەبوو دەست بەسەر کرد و حوکمی ناعادلانەی بەسەردا سەپاندن. کۆماری ئیسلامی بە خەیاڵی خاوی پێی وا بوو بە گرتن و زیندانی کاراکتەرە بەرچاوەکان و رێبەرانی بزوتنەوەکە دەتوانێ ئەو شەپۆلە لە نارەزایەتی تێک بشکێنێ و فەزایەکی ترس و تۆقاندن بزوتنەوەکە لەبار دەبا، کە بە پێچەوانەی پێشبینیەکانی دەسەلات بە دەستانی ڕژیم بزوتنەوەی کرێکاری ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبێ و لە هەموو شار و ناوچەکانەوە رێکخستنی پتەو و تر و داخوازیی ڕادیکاڵتر دەبێ. لە تازەترین نارەزایەتیەکانی بزوتنەوەی کرێکاری کە زیاتر لە دە رۆژە بەرێوە دەچی و رۆژ بە ڕۆژ لە هەموو شار و شارۆچکەکان پەرەدەستێنێ مانگرتنی گشتی کرێکارانی پەیمانکاری شیرکەتی نەوت و پێترۆشیمی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێرانە کە لە بەرامبەر حەقدەستی کەم، نەبوونی مرەخەستی پێویست لە بەرامبەر کاری تاقەت پروکێن، بارودۆخی نالەباری کاری بێ هیچ جۆرە ستانداردێکی مرۆیی، هەروەها بارودۆخی نالەباری شوێنی



مانەوەیان، دەستیان داوەتە نارەزایەتی و مانگرتنێکی بەربڵاو و داواکاری وەلام دانەوە بە داخوازییانن. ئەوەی جێگای خۆشحاڵیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کرێکارانێکی زیاتر لە پالاوگە و وزەخانەکان لە گەڵ ئەو نارەزایەتیە هاوتەریب دەبن و ڕیکخستن دەکەن. هەر چەند تا بە هەنووکەش کرێکارانی فەرمی ئەو شوێنانە پەیوەست بە نارەزایەتیەکان نەبوون، بەلام پشتگیری خۆیان لەو مانگرتنانە راگەیاندووە. کرێکاران خوازیاری نەمانی دەست تێوەردانی پەیمانکاران لەکارو باریان و نەمانی فەزای ئەمنیەتی لە شوێنی کارەکانیانن. بەرپرسانی حکومەتی و کاربەدەستان هەموو هەولەکانی خۆیان خستۆتە گەڕ تا بتوانن لە ڕیگای دوبەرەکی نانەوە لە نیوان کرێکاران نارەزایەتیەکە لەبار بەرن، بەڵام هاوکات ڕیبەرانی مانگرتنەکە بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە و ڕوناکبیرانە هەول دەدەن کرێکارانی زیاتر بێننە ڕیزی خۆیانەوە و مانگرتنەکە بە هێزتر بکەن. هاوکات شورای ڕێکخستنی نارەزایەتیە کرێکاریەکانی کرێکارانی پەیمانکاری نەوت، داوای لە مانگرتووان کردووە شوێنی مانگرتنی خۆیان جێ نەهێڵن. ئەوان ڕایانگەیاندووە کە دەبێ خۆیان لە نیزیکەوە ئاگاداری وەلام دانەوە بە داخوازیەکانیان بن و لەو بوارەوە خۆیان بڕیاردەر بن. هەروەها لە بەشێکی تری راگەیاندنەکەدا هاتووە کە ئەو کرێکارانەی شوێنی مانگرتنیان جێهێشتوە لە لایەن ساحیب کارانەوە دەرکران و کرێکاری تر لە شوێنی ئەوان وەرگیراوە بۆیە مانەوەیان لە شوێنی کار باشترین رێگاچارەیە هەم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان هەم بۆ ڕێکخستن و یەکگرتنی زیاتر تا کرێکارانی تریش بەو مانگرتنە پەیوەست بن. ئەوان هەروەها ڕایانگەیاند کە مانگرتنە کرێکاریەکانی نیشکری حەفت تەپە باشترین پارامێتر و ئەزمونە کە وانەیان لێ وەرگرتووە، ئەوەیش بڕیاردانی شورایی و بە کۆمەڵە کە بتوانن پێش بە دووبەرەکی نانەوەی کاربەدەستان لە مانگرتنەکە بگرن تا جارێکی تر بە وادە و بەڵێنی درۆیینە هەڵیان فریوێنن و بارودۆخەکە نە تەنیا باشتر نەبێ، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بێ. نارەزایەتییە کرێکارییەکان لە ئێران لە حالێک دا هاتۆتە ئاراوە کە تازە شانۆی هەڵبژاردن و ئینتساباتی سەرکۆماری و شورای شارەکان کۆتایی پێ هاتووە و کۆماری ئیسلامی لە قەیرانێکی ناوخۆیی و شەری نێوان باڵەکانی دەسەلات دایە. بوونی ئەوهێزە و ئەو نارەزایەتیە بەربلاوە ئەوە رادەگەیەنێ کە بزوتنەوەی کرێکاری بۆ نا وتن بە کۆماری ئیسلامی هەردەم پێشرەو بووە و لە بەرامبەر دەسەلات و هیچ کات تووشی ڕاڕایی نەبووە و تەنیا و تەنیا پشتی بە خۆی بەستووە. مێژو دەری خستوە کە مانگرتنی گشتی و داخرانی کارگە و شەریکەکان باشترین ڕێگاچارەیە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەسەلات و لەناوبردنی دەسەلاتی زوڵم زۆر. بە هیوای بەردەوامی مانگرتنی کرێکاری و پەیوەست بوونی هەموو چین و توێژەکان بە تایبەتی بزوتنەوەی ژنان و لاوان کە دوو هێزی سەرەکی لە خەڵکن کە هەردەم پێشرەو و لە ڕیزی پێشەوەی خەبات دا بوون.

**ئازادیی تەواو و بێقەیدوشەرتی مانگرتن. مانگرتنی کرێکارک پێویستیی بە هیچ مۆڵەت وەرگرتنێك نییە لە دەوڵەت و دامودەزگا دەوڵەتیەکان. دانی کرێی تەواو بۆ ڕۆژەکانی مانگرتن. مافی یەکسان بۆ مانگرتووان بۆ ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی دەستبردنیان بۆ مانگرتن و وەڵامدانەوەی قسەکانی دەوڵەت و خاوەن کارەکان لە میدیاکانەوە. قەدەغەکردنی نایاساییکردنی ئەم یان ئەو مانگرتن بەبیانووی وەك "بەرژەوەندیە میللی و نیشتمانیەکان"، "هەلومەرجی نائاسایی"، "هەلومەرجی شەڕ" و شتی تر**



# پەتای کۆڤید ١٩ و تێڕوانینی گروپی ٧ و ئەلتەرناتیڤی بۆرژوازیانە

**ئامادەکردنی: سالار حمەسەعید**

یەکێک لە باسە سەرەکیەکانی "جی٧" بە وتەی خۆیان ڤاکسینکردنی دانیشتوانی ولاتەکانیان بووە، هەروەها پێدەچێ بڵێن ئامانجمان یارمەتیدانی ولاتانی تریشە لە ڤاکسینکردندا. وەک خۆیان دەڵێن دەبێ هەردووکی بەخێرایی ئەنجامبدرێ واتە لەهەردوو بەرەکەدا کاربکەن. لە تەواوی دونیادا تائێستا تەنها لە سەدا ١١,٦٨ جورعەی یەکەمی ڤاکسینەکەیان وەرگرتووە کە ڕێژەیەکی زۆر کەمە .لە کۆبوونەوەکانی "جی ٧"دا جۆو بایدن بەڵێن دەدات کە ٥٠٠ ملیون ڤاکسین ببەخشێتە ولاتە کەمدەرامەتەکان و بۆریس جۆنسن یش دەڵێ ١٠٠ ملیۆن ڤاکسین کۆمەک و یارمەتی دەبەخشینە ولاتانی هەژار لە ئێستاوە تا ساڵی داهاتوو. تەنها ٥ ملیۆن ڤاکسین لەکۆتایی مانگی سپتمبەردا دەبەخشن. تۆنی بلێر لە وتارێکیدا کەلە "ئیڤینینگ ستاندارد"دا بلاوکراوەتەوە لەم چەند ڕۆژەی پێشوودا دەڵێ: بەریتانیا ژێرخانێکی دروستکردووە لەچەند مانگێکدا کە هیچ هۆکارێک نابینم بۆچی نابێ وانەکان (ئەزموونەکان) لەگەل ولاتانی تردا هاوبەش بکرێن. ئەو پەیمانەی گەورە هێزەکان داویانە تائێستا ٦٠٠ ملیون ڤاکسینە بە ئەمریکاو بەریتانیاوە جگە لە هەندێ ولاتی تری ئەوروپی کە نزیک دەبێتەوە لە ١ بلیۆن ڤاکسین کە بریارە دابەشبکرێ بەسەر ولاتە کەمدەرامەتەکاندا کە لەڕاستیدا ڕێژەیەکی ئیجگار کەمە لەبەراورد بە دانیشتوانی تەواوی دونیا. ئەگەر دانیشتوانی دونیا ئێستا ٧,٩ بلیۆن بێت ئەوا ڕێژەکە زۆرکەمە لەبەراورد بە دانیشتوانی دونیا. دەیانەوێ بەم ڕێژە کەمە یارمەتی لەناوبردنی پەتای کۆرۆنا بدەن. لەکاتێکدا هەر خۆیان دەڵێن بۆ بنەبڕکردنی ئەم ڤایرۆسە دەبێت لەهەردوو بەرەی ناوخۆیی و دەرەوەدا هەوڵبدەین بۆ قەلاچۆکردنی ئەم پەتایە. ئەم پەتایە کە ئاوا تەشەنەی سەندوە هەر زۆر لەسەرەتاوە دەکرا کۆنترۆل بکرێ و کۆتایی پێ بهێنرێ ئێستاش بۆرژوازی ئەگەر بیەوێ دەتوانێ کۆتایی پێبهێنێ. لە سەردەمێکدا دەژین کە تەکنۆلۆژیا هەیە و مەتریال ومەواد هەیە و تواناکان هەن بۆ بەرهەمهێنانی ڤاکسین کە تەواوی جیهان ڤاکسین بکرێ و تەواوی جیهان پارێزراوبێت لەبەرامبەر ئەم ڤایرۆسەدا. بەلام سەرمایەداری بەم شێوەیە ناڕوانێتە ئەم مەسەلەیە و هەریەکە لە ولاتانی سەرمایەداری سەرگەرمی ڤاکسینکردنن تەنها لە ولاتەکانی خۆیاندا تەنانەت ئەم کارەش بە خێرایی و بێپەروا ئەنجامی نادەن. سستی و ناهەماهەنگی و ناڕێکی لە ئەنجامدانی ئەم ئامانجە دەکەن وەک پەلەیان نەبێت و نەیانەوێ هەرچی زووترە بنەبڕی بکەن. ئەو تێروانینە هەمەگیر و شمولی و ئینترناسیۆنالیەیان نییە کە لەبیری تەواوی خەلکی سەر رووی زەویدا بن. دەکرێ ژیانی ملیۆنەها کەس رزگار بکرێ و بلیۆنەها کەسیش بپارێزرێ لەم ڤایرۆسە بەمەش خەلک لە زیان و زەرەرێکی گەورەی ماددی و جەستەیی رزگاربکرێن. ئەمە لەکاتێکدا ولاتان بەرەو قۆناغێکی ترسناک هەنگاودەنێ کە قۆناغی گۆڕان و ئالۆگۆڕە لە ڤایرۆسەکە بەشێوەیەکی کوشندە و ترسناک هەروەها بلاوبوونەوەی بەشێوەیەکی زۆر خێرا لەو شوێنانەی کە ڤاکسین زۆر کەمە یا هەر نییە. بەو پێ یەی کە ئێستا دەبینرێ پێشبینی دەکرێ بەلانی کەمەوە تا ساڵی ٢٠٢٤ ئەم بارودۆخە بەردەوام بێت. ئەمەش بە ڕێکەوت نییە، قۆرخکردنی دەرمان لەلایەن ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییەوە وا دروستکراوە لەلایەن سسیتەمی سەرمایەوە کە ئەولەویەت بدرێ بە قازانج تا ژیانی مرۆڤ. تەنانەت لە مەترسیدارترین و کوشندەترین سات و قۆناغەکانی ئەم پەتایەدا سەرمایەداری و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی دەرمانسازی جیهانی ئەم دەستەبەندی و ڕیزبەندیەی تێک نەداوە و ئەولەویەتەکانی نەگۆڕیوە و ئەولەویەتی نەداوەتە ژیانی مرۆڤ تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش. وەیا پەنابەرێتە بەر هاوبەش بوون و هاوکاری و هاوئاهەنگی لەتەکنۆلۆژیای ڤاکسینەکە لەگەل ولاتانی تردا بەتایبەتی ئەو ولاتانەی کە ئەو تەکنۆلۆژیایەیان نەبووە و نییە. گروپی ٧ سەلماندیان کە نایانەوێ و ناتوانن ئەم کارە بکەن وە یا هەوڵ بدەن بۆ بنەبڕکردنی ئەم پەتایە بەشێوەیەکی پراکتیکی. بانقە ناوەندیەکانی ئەو ولاتانەی خاوەن ئابووری زەبەلاحن توانیان ٩ ترلیۆن دۆلار بخەنەگەڕ و ئامادەی بکەن بۆ وەلامدانەوە بەو کارەساتە ئابووریەی کە بەسەر سیستەمی ئابووری سەرمایەداریدا هاتوە تاکو بەرژەوەندیەکانی وەبەرهێنەرو سەرمایەدارەکان بپارێزێ و دوابەدوای پەتای کۆرۆنا ڤایرۆس. ئەمە لەکاتیکدا تەواوی خەرجی ڤاکسینەکە لە هەموو جیهاندا دەکاتە تەنها ٢٣ بلیۆن دۆلارە کە دەکاتە لەسەدا ٠,٢٥ ئەو بڕە پارە ئامادەیەی کە سەرمایەداری سازیکردوە و لە ئامادەباشیدایە. بەلام ئەو بڕە پارە و سەرمایەیەی کە لەحاڵەتی ئامادەباشیدایە بۆ رزگارکردنی سەرمایەداری لەم قەیرانەیدا بەشێوەیەکی بەرچاو کەمدەکات ئەگەر لە ئەمریکا وبەریتانیا و ولاتانی یەکیەتی ئەوروپا ناچاربن تەکنۆلۆژیاکەیان لەگەڵ تەواوی کۆمپانیا کانی تەواوی دونیا هاوبەش بکەن. گروپی ٧ لە "کۆرن وٚڵ " تەنیا پەیمانیانداوە بەدابینکردنی ١ بلیۆن ڤاکسین بۆ خەلکی جیهان کە ئێستا کەمیکردۆتەوە و بۆ ٨٧٠ ملیۆن ڤاکسین لەم بڕە ڤاکسینە تەنها ٦١٣ ملیۆنی تازە ڕاگەیەنراوە ئەگینا ئەوی تری زانراوە لەوەبەر. خۆیان مەزەنەیان کردوە کە ئەگەر ئەو پەتایە کۆنترۆل نەکەن ئەوا دەبێتە زیانی ٩,٢ ترلیۆن دۆلار وەهەرچی زیاتریش بلاوبێتەوە ئەگەری گۆڕانی ڤایرۆسەکە زیاتر هەیە و دووبارە دەگەرێتەوە بۆ ولاتانی خاوەن ئابووری گەورە و کاریگەری گەورە دادەنێ لەسەر تەنانەت ئەوەی کە تائێستا کردویانە لە لێدانی ڤاکسین لە خەڵکی. لەراستیدا جێگەی سەرسوڕمان نییە کە گروپی ٧ پابەبد نییە تەنانەت بەو بەڵێنانەش کە خۆی داویەتی. سەبارەت بە دەستکێشانەوە لەمافی مۆنۆپۆلی یا قۆرخکردن وە خاوەندارێتی ڤاکسینەکە سەرەرای ئەوەی ولاتانی سەرمایەداری وەک ئەمریکا و فەرەنسە و ئیسپانیا نەرمیان پیشاندا لەرووی شلکردنەوەی ئەم قۆرخکردنە بەلام حکومەتی بۆریس جۆنسن ی بەریتانیا بەوپەڕی توندی پشتیوانی لەم خاوەندارێتیە کرد و تەنانەت تائێستاش نەرمی نانوێنرێ لەبارەی گواستنەوەی ئەو تەکنۆلۆژیا و ماتریاڵە لە کۆمپانیا جیهانیە مۆنۆپۆلیەکانی دەرمانسازی ڤاکسینەکە بۆ کۆمپانیا گچکەکانی ولاتە کەمدەرامەت و هەژارەکان تا لەوێ ئەو ڤاکسینە بەرهەمبهێنرێ. سەرمایەداری لە ولاتانی وەک کەنەدا و بەریتانیا بەشێوەیەکی ئاشکرا رۆڵێکی شەرمنیان بینیوە لە درێژکردنەوەی ئەم پەتایە. داواکانی کە کراون بۆ مەبەستی هاوبەشکردن و بەشداربوون لە سازدان و بەرهەمهێنانی ئەم دەرمان وڤاکسینە و هاوبەش بوون لە تەکنۆلۆژیای دروستکردنی دا هەموو شکستیان خواردوە و کەس گوێبیستیان نەبووە. تەنانەت پاش ساڵێک لە بەدەستهێنانی تەکنۆلۆژیای پێویست بۆ ئەم پەتا و ڤایرۆسە هیچ کۆمپانیایەک ئامادەنەبووە دەستبەرداری کۆنترۆلکردنی ئەو دەرمان وڤاکسینە بێت. ئەم ڤاکسینە دەکرێ بنەبڕبکرێ گەر سەرمایەدارە چاوجنۆکەکانی بواری دەرمانسازی کەمێک دەستبەرداری قازانج و بەرژەوەندیەکانیان بن ئەویش بەبەرهەمهێنانی ئەم ڤاکسینە بەشێوەیەکی فراوان لە زۆرێک لە ولاتەکاندا کە ئەو تەکنۆلۆژیایەیان نییە و هەولدان بۆ بەشداربوونیان لە دوو فاکتەری بنەرەتی ڤاکسینەکە لایەنی یاساییەکەی و لایەنی زانیاری و زانین. کۆبوونەوەی گروپی ٧ لە کۆرنوۆڵ بۆ ئەوە بوو کە بە فەرمانێک بێنەدەر تا پلانێک پەرەپێبدەن بۆ کۆتاییهێنان بە پەتای کۆڤید١٩ کە زیانەکانی بریتیە لە بەلانی کەمەوە مەرگی ٤ ملیۆن مرۆڤ. لەراستیدا شکستیان خوارد هەر پلانەکەیان بۆ بەخشینی ١ ملیۆن ڤاکسین هەم زۆر هێواشە وهەم زۆر بێکەڵک و پووچە کە ناتوانێ ڕێگری بکات لەبلاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە. کە کەمتر لە سەدا ١٠ ی ئەو ڕێژەیەیە کە پێویستە دابین بکرێ بۆ تەواوی دونیا. ئەمە بەمەرجێک دابەشکردنی ئەو بڕە کەمە لە ڤاکسین لە ماوەی یەک ساڵ ونیوی داهاتوودا ئەنجامبدرێ. بەپێی تویژینەوەکانی "ئەلایەنز ریسێرچ" ٥٧ ساڵی ئەوێ تا بەتەواوی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا وسەحرای ئەفریقا و شوێنەکانی تر بگرێتەوە ئەگەر بەم شێوەیەی کە ئێستا دەکرێت ئەنجامبدرێ. بەڕێگەپێدان بەسەرهەڵدان و بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی گۆڕاو گۆران بەسەرهاتوو ئەو پلانەی کە گروپی ٧ بەدەستیەوەیە جێبەجێیبکات هەڕەشەیەک دەبێ بۆ گێڕاننەوەی پەتاکە تەنانەت بۆ ولاتانێک وەک کەنەدا وبەریتانیا و سڕینەوەی ئەو پێشکەوتنانەی کە کراوە لەم بوارەدا بۆ پاراستنی خەلک لەم ڤایرۆسە. خەلک پێوسیتی بە پلانێکی ئەلتەرناتیڤە لەبری پلانی گروپی ٧ ئەلتەرناتیڤێک کە سەراسەری و جیهانی بێت و بکرێ ئەنجامبدرێ وە بە جیدی کاربکرێ بۆ لەناوبردنی ئەم پەتایە ئەویش بەوەی ڕێگەبدرێ بە دروستکردنی ئەو ڤاکسینە لە ولاتە جۆراوجۆرەکاندا لە سەراسەری جیهاندا.

**** .سەرچاوەکان چەند وتارێکی رۆژنامەی گاردیان و وتارێکی تۆنی بلێر لە "ئیڤینینگ ستاندارد" و رۆژنامەی "ئیندپێندنت ی بەریتانی ١٦مانگی حوزەیرانی ٢٠٢١.**

# ئازادی بەبێ ڕزگاری چەوساوەکان بەدی نایە!



**نووسینی: عبدالرحمن رەسوڵ**

**هەر لەسەرەتاوە بەئیفلاسی لەدایک بوو حکومەت:**

دەسەڵات لە باشووری کوردستان لەڕووی سیاسی و ئیدارەدانەوە ئیفلاسی هێناوە، بەڵام بەزەبری هێزی چەکدارو چاوسوورکردنەوە خۆی ڕاگرتووە. ئەم چاوسوورکردنەوەش کاریگەری سلبی خستۆتە سەر زۆرێک لەحیزب و کەسایەتییە ڕۆشنبیری وسیاسییەکان، بەهەمان شێوەی دەسەڵاتی حیزبی بەعس لەپێش ١٩٩١ هەرچەندە لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتیش بەکردەوەی توندوتیژو کردەوەی دژە ئینسانی و دژە دیموکراسی بناغەی ئەو جۆرە حکومەت و دەسەڵاتە چەوسێنەرو کۆنەخۆزایاندا ناوە، کەوایە بەئیفلاسی لەڕوویی نەبوونی شارەزایی کارگێڕی و ئیدارەدانێکی پێشکەوتوو لەدایک بوو. هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٩١ یەکەمین کاریان سەرکوتی بزووتنەوەی شوراکان بوو کەبزووتنەوەیەکی ئینسانی هەقخوازانەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بوو چەندین تێکۆشەری گەنج ولاویان کردە قوربانی. بەزەبری کوشتن و هەڕەشەو هێرشی چەکدارانە بۆسەریان نووسینگەو بنکەکانیان داخست. لە دوای ساڵی ١٩٩١ شێوەی ئیدارەدانی کوردستانی عێراق بەپێی بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک کۆمەڵگەیەکەی ئاوارەی ناسێندرا کە نەتواندرێت سەربەخۆ دەوڵەت دابمەزرێنێت نە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراقیش بەتەواوی یەک جۆرو شێوازی ئیدارەدانی لەخۆی گرتووە. دەرئەنجامی ئەم شێوازە مامەڵەکردنە بووە هۆی ئەوەی کە لەکوردستان زۆر دواکەوتوانە و دژە ئینسانیانە ئیدارەی کۆمەڵگە بدرێت لەڕوویی کارگێڕی وخزمەتگوزارییەوە. لەڕوویی کارگێڕی ئیدارەدانەوە کوردستان لەدوایی ساڵی ١٩٩١ دابەشکرا بەچەند ناوچەیەکی حیزبی کەشێوازی ئیدارەدان بەهەموو جۆرێک دوور بووە لەیاسا و بنەماکانی نەک مافی مرۆڤ بەڵکو دووریش بووە لەیاساو بنەماکانی دیموکراسی بۆرژوازی و سەرمایەداریش ڕاستەوخۆ سەرجەم جومگەگانی دەسەڵات پاوەن کراوە و دەستی بەسەرگیراوە لەلایەن حیزبە خێڵگەراکانەوە. هەربۆیەش لەدوای ساڵی ١٩٩١ وێڕایی ئەوەی بەناو هەڵبژاردن کرا و خەڵک دەنگیدا، بەڵام بەهیچ جۆرێک نەک هیچ جۆرە یاسایەکی دیموکراسی و مەدەنی جێبەجێ نەکرا هەروەک هەڵبژاردنەکانی حیزبی بەعسی فاشیزم هەمان جۆر سیستەمی کۆنەخوازو چەوسێنەری دژە ئینسانیان درێژەپێدا. بەڵکو ئەو جۆرە کرانەوەی لەدوایی ساڵی ١٩٩١ خەڵکی هەنگاوی بۆدەنا بەسروشتی خۆی لەڕوویی کۆمەڵایەتییەوە لەناویان برد و بەرەو ڕاپێچکردنی خەڵک بەمل کەچکردن بە یاسا حیزبیە خێڵایەتییەکانیان ئاراستەی کۆمەڵگەیان زۆر بەخراپی گۆڕی. دەرئەنجامی ئەمەش بۆوە هۆکاری سازکردنی شەڕی حیزبەکان لەناو کوردستان تەنانەت ململانێی ئەوەیان دەکرد کامیان هەرچی زووترە سوپایی داگیرکەری دەوڵەتانی فاشیزمی ناوچەکەی وەک ئێران وعێراق و تورکیا بهێنێتە کوردستان فەرشی سووریان بۆ ڕابخات. بەهۆی هاوکاری ئێرانەوە لەناوچەی هەڵەبجەو بیارە و چەند شارو گوندێک لەژێر دەسەڵاتی ئیسلامییەکاندا بوو، کە هەرچی ئازادی و ڕیفاهییەت و مافی ژن ومافی مرۆڤ هەبوو ڕاستەوخۆ زیندەبەچاڵ کرابوو، دوای شەڕێکی سەخت و قوربانی دانێکی زۆری کوڕە هەژار و زەحمەتکێش کەچەکداری ئیسلامییەکان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون ئەوجا ئەوناوچانە کەوتنەوە دەست یەکێتی . ئەم حیزبە خێڵەکییانە بەردەوام شەڕیان سازکردووە بۆ زیادبوونی دەسەڵاتی پاوانەخوازییان. لەشەڕی نێوان پارتی ویەکێتیدا هەزاران گەنج و لاو بوونە قوربانی یان بەدیلی کوژران یان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەستدا، تەنانەت ئێستاش بەشێک کادرو ئەندامانی یەکێتی و پارتی لەلای یەکتری بێ سەروشوێنن کەلەسەردەمی شەڕی حیزبیاندا زیندانی کراون یان بەدیلی گرتوویانن، کەس نازانێت چارەنووسوویان چییان لێ بەسەرهاتووە و چۆن کوژراون ئێستاش خانەوادەو خێزانی ئەو قوربانییانە ساڵانە سەردانی مەکتەبی سیاسی حیزبەکانی یەکێتی وپارتی دەکەن بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی ڕۆڵەکانیان. دواتر شەڕی نێوان پارتی کرێکاران و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە خەڵکێکی زۆر بووە قوربانی. یەکێتی و پارتی و ئیسلامییەکان بەم جۆرە ئیدارەی کوردستانیان داوە بەردەوام شەڕیان کردووە لەسەر دەسەڵات و خوێنی گەنجان و لاوانی کوردستانیان ڕشتووە لەپێناوی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی حیزبیاندا .

ئەم جۆرە حیزبانەبوون هاوکارو یارمەتی دەربوون بۆ هاتنی دەزگاکانی ئیتلاعات و میت و جاسوسەکانی ئێران و تورکیا بۆ تیرۆرکردنی هەلسوڕاوانی سیاسی لەئوپۆزیسیۆنی ئێران وتورکیا لەکوردستانی عێراق، ئەزیزانی خوێنەر لەئێستاشدا کوردستانی عێراق لەڕوویی ئیدارەدانەوە دابەشکراوە بەسەر سێ ناوچەی حیزبی دا ئەویش ناوچەیەک ناسراوە بەپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و ناوچەیەکی تریش ناسێندراوە بە ناوچەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و هەروەها ناوچەیەکی تریش قەندیل وچەندین گوند و شوێنی ترە کە ناسێندراوە بەناوچەی پارتی کرێکارانی کوردستان، هەرسێ ناوچەکەش بەبێ جیاوازی بەزەبری هێزی چەکداری دوور لەبنەماو یاسا مەدەنی و دیموکراسییەکان خۆیان بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا سەپاندووە باج زۆریشیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە لەژێر ناوی جۆراوجۆردا.

**جۆری خزمەتگوزارییەکان بۆدەسەڵاتەنەک بۆخەڵک :**

ئاکامی ئیدارەدانێکی بەوجۆرە کەلەژێر تەوژمی حیزبی خێڵایەتی وکۆنەپارێزی ودژەئینسانی دابێت بەدڵنیاییەوە دوور دەبێت لەشێوازی ئەندازەیی وخزمەتگوراری پێشکەوتنخوازی وشارستانی ومرۆڤ دۆستی ومرۆڤ پەروەری. چاوێکی خێرا بگێڕین بەسەر جۆری خزمەتگوزاری و شێوازی خزمەتگوزارییەکان باشتر ئەمە ڕوونتر دەبێتەوە، بواری پەروەردەو خوێندن و فێرکردن کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس وێڕایی ئەوەی دەوڵەتێکی دیکتاتوری لەعێراق هەبوو، بەڵام بۆ هەمووان یەک جۆر پەروەردەو خوێندن وفێرکردن هەبوو، ئەم بەشە ڕاستەوخۆ موڵکی گشتی بوو لەوەزیرو پلەباڵاکانی حکومی هەتا خەڵکی کرێکارو هەژار لەهەمان قوتابخانە و زانکۆی عێراق و هەمان جۆر وانەی دەخوێند وفێردەکرا، (هەرچەندە ڕەخنەمان هەیە لەسەرجۆری ناوەڕۆکی وانەکان). لەدوایی ساڵی ١٩٩١ ساڵ لە دوایی ساڵ بەجێبەجێکردنی نەخشەڕێگایەکی سەرمایەداری قۆناغ بەقۆناغ وهەنگاو بەهەنگاو گرینگی دان بەکەرتی گشتی پەروەردەو خوێندن وفێرکردن لەلایەن ئەم دەسەڵاتە کەم کرایەوە، لەبەرامبەردا لەڕێگای کادیرەکانی حیزبەوە هەروەک کۆمپانیایەکی بازرگانی بۆ بەتاڵانکردنی گیرفانی خەڵک گەشەیان بە کەرتی تایبەتی خوێندن وپەروەردە وفێربوون دا، لەهەرشاروناوچەیەک چەندین زانکۆ وپەیمانگایی تایبەتییان کردەوە و زۆرترین ڕیکلامیان لەڕاگەیاندنە حیزبی یەکانیان بۆ کردن. ئەزیزانی خوێنەر هەربۆیەشە لەئێستادا بەجۆرێک کەرتەکانی پەروەردە فەرامۆش دەکەن کە موچەی مامۆستایان وکارمەندانی دوادەخەن و نادەن و مامۆستایانی وانەبێژ وێڕای ئەوەی بەردەوام خۆپیشاندان وناڕەزایەتی دەردەبڕن، بەڵام وەڵام بەخواست و داواکارییە ڕەواکانیان نادەنەوە. ئامانجی دەسەڵات ئەوەیە بەتەواوی کەرتی گشتی هەرەس پێبهێنێت و دەرگای زانکۆ وقوتابخانە گشتییەکان دابخات، ڕاستەوخۆ بیانکاتە کەرتی تایبەتی کە بازرگانە حیزبییەکان ڕۆڵی تێدابیبنن بۆکۆکردنەوەی پارەی زیاتر. هەربۆیەشە زۆر بەخێرایی زانکۆو پەیمانگایی نوێ تر دەکاتەوەو بەگرینگی یەوە لەڕاگەیاندنەکان باسی دەکات و کاتی زۆر بۆ بانگەشەی کەرتی تایبەت تەرخان دەکات.

**خزمەتگوزاری تەندروستی لەژێرپەرچەمی حیزبەکان:**

ئەم جۆرە دەسەڵاتەی چەتەگەرییەی حیزبەکانی کوردستان کەرتی گشتی تەندروستی لەناوبرد، ساڵی پێش ١٩٩١دەوڵەتی عێراق بەیەکجۆر بەرنامە خزمەتگوزاری پێشکەشی نەخۆشخانەکان دەکرد و چارەسەر بۆ هەموو خەڵکی عێراق یەک شێوازو یەک جۆربوو، چونکە نەخۆشخانەکان موڵکی گشتی بوو. لەدوایی ١٩٩١ ئەم حیزبانە ملهوڕییەکانیان بردە ناو بواری تەندروستیش هەرچی کەرتی گشتی هەبوو بەتایبەت تەندروستی، بەجێبەجێکردنی بەرنامەیەکی نیولیبڕاڵی سەرمایەداری کەرتەگشتییەکانی تەندروستی لەناوبرد وئیفلیج کرد، پاش چەندەساڵ لەدەسەڵاتدارێتی ئەم هێزە مافیاگەرییانە خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی هەتا بڵێی زۆر وێرانە، دەتوانم بڵێم لەهەموو کوردستان یەک نەخۆشخانەی گشتی پێشکەوتوو شارستانی بوونی نییە، کەهاوڵاتی بۆچارەسەر ناچار نەبێت بچێتە وڵاتانی ئێران وتورکیا و ئەوروپا. بەڵام بەردەوام گەشەیان داوە بەنەخۆشخانە تایبەتییەکان، چونکە سەرجەمیان هی کادیرو بەرپرسە باڵاکانی ئەو حیزبە چەتانەیە لەکوردستان. هەتا لەدەسەڵاتیشدابن هەربەم جۆرە دەبن .

**خزمەتگوزاری ڕێگاوبان وئاوەدانکردنەوە لەژێر دەسەڵاتێکی حیزبەخێڵگەراکاندا :**

ئەم بەشە وێرانە ڕێگاکان لەبەرکۆنی وخراپیان زۆرترین ڕووداوی هاتوچۆ تێدا ڕوودەدات، ئەگەر ڕۆژانە سەیری ڕووداوەکانی هاتوچۆ بکەین زۆر زیاترە لەتوشبووانی نەخوشی کۆرۆنا. کەبەردەوامیش ئەم کۆمەڵکوژییەی هاتۆچۆ درێژەی دەبێت، ئامانجی ئەمەش ئەوەیە دەسەڵات لەداهاتوودا کەرتی هاتوچۆو ڕێگاکان بەخشکەیی تەسلیمی کەرتی بازرگانی و کۆمپانیاکانی حیزبەکان بکات. هەروەک کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە وخوێندن. کارڵ مارکس دەڵێت: ئەگەر دەتەوێت ببی بەمرۆڤێکی خوێڕی و هیچ وپوچ تەنها پشت بکەرە خەم و کێشەکانی ئەوانی تر. ئەم بەرپرسە حیزبییانە هەر لەسەرەتاوە وتەکەی کارڵ مارکسیان جێبەجێ کردووە، هەربۆیە بێ باکن لەقوربانیدان بەخەڵکی کوردستان و زیاتر وێرانکردنی ژینگەی جوانی کوردستان.

**هۆکاری بێ باکی دەسەڵاتی ملهوڕی چەوسێنەر**

**بۆ لاپەڕە 13**



پرسی ژن ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# ئافرەت و توندوتیژی جەستەیی



"

ئەگەر پێناسەیەک بۆ کردەی توندوتیژی جەستەی دژی ئافرەت بکەین، دەکرێت بڵێین ڕەفتارێکی توندوتیژکارانەیە کە دژ بە مرۆڤی مێ دەکرێ و دەبێتە هۆی ئازار و زیان گەیاندن بە لەش و جەستەی یان بە هۆش و دەروونی، واتە لە ڕووی فیزیکی یاخود سایکۆلۆجی، دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان لە پێشوودا بە ئاستی جیاجیا بوونی هەبووە و تا ئێستاش هەیە، سەرەرای ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە دەخرێنەگەر لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بنبڕکردنی بەڵام کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبووە.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کە یاسا کارپێکراوەکان و هەموار کردنی چەندین دەقی یاسایی و دانانی یاسای نوێ وەک "یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە"٨" ساڵی ٢٠١١" کە لە جیهاندا تەنها (١٢٥) وڵات ئەم یاسایەیان هەیە و توندوتیژییان دژی ئافرەت بە تاوان ناساندووە، لێدانی تاکەکانی خێزان و منداڵان بە هەر بیانوویێک، ڕێگە پێدراو نییە و تاوانە. ئافرەتیش ئەندامێکی خێزانە و ناکرێت بە هیچ بیانوویێک پیاوەکەی لێی بدات و جەستەیی و دەروونی ئازاری بدات. لە لایەکی دیکەوە پێشکەوتنەکانی ئافرەت لە سەرجەم بوارەکانی دیکەدا و بەشدارییان لە فەزای گشتیدا کە پێشکەوتنی لە سیمای گشتی کۆمەڵگەدا دروستکردووە کە ناتوانرێ نادیدە بگیرێن.

لەهەرێمی کوردستان بەداخەوە ڕەگەزی نێر هەر لە سەرەتاوە هزر و دیدوبۆچوونی دەئاخنرێت بە چەندین بیرۆکەی هەڵە لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی مێ و، نەگونجان لەگەڵی و، بە شێوەیەک ڕادەهێنرێت کە ئەو باڵا دەستە و بۆچوونەکانی ڕاست و دروستە و لە کاتی ناکۆکیدا حەق بەمە و پێویستە ڕەگەزی مێ گوێرایەڵی بەرامبەر خواست و ویستەکانی بنوێنێت. لە بەرامبەردا، ڕەگەزی مێ لە سەرەتای پەروەردە کردنیەوە بە جۆرێک پەروەردە دەکرێت کە پاشکۆی ڕەگەزی نێرە، بەم شێوەیە ڕەگەزی نێر خۆی بە باڵا دەست دەزانێ و ڕەگەزی مێ بە لاواز، کە ئەمەش پەیرەوێکی نادروستە لە پرۆسەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و مەعریفیی مرۆڤدا، ئەم جۆرە پەروەردەیە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی هەردوو ڕەگەز دیاریدەکات لە خێزانەوە تا ناوەندەکانی دیکەی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ لە بەرژەوەندی پیاودا، دواجاریش بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ئافرەت دەکەونە ژێر هەژموونی پیاو.

لەئەمڕۆدا سەرباری ئەو هەموو پێشکەوتنانە، نەتوانراوە دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان دەستی بەسەردا بگیرێ و، هەندێک جاریش ئامارەکان لە بەرزبوونەوەدان، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم دیاردەیە ڕەگی لە نێو سترەکتۆری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و نیزامی سەرمایەداریدا هەیە و، هەڵقوڵاوی بەشێک لەو کەلتوورە دواکەوتووەیە کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا دەشی بوونی هەبێت، هاوکات کە تێکەڵ کرنی ماف و ئازادییەکان و بەستنەوەیان بە دەقە ئاینیەکان، هۆکارێکی تری بیمافیەکانی ژنان و سەرچاوەی توندوتیژییە. کە دەڵێین بەشێک لە کەلتوری بەدەستهاتووی بەناو دابونەریتی کوردەواریی خۆمان، مەبەستمە بڵێم کەلتووری ئێمە لە بنەڕەتدا کەلتوورێکی دژە ئافرەت نییە و، توندوتیژیش دژی ئافرەت کەلتووری ئێمە نییە، بەڵام کۆمەڵگەی ئێمە بە درێژایی مێژوو داگیرکراوە و، ڕووبەڕووی پرۆسەیەکی بەردەوامی توندوتیژی بۆتەوە، ئەمەش وایکردووە پەروەردەی کۆمەڵایەتی پەروەردەیەکی توندوتیژ و، ناهاوسەنگ بێت بەشێوەیەک کە لەگەڵ یەکەم چرکەساتی لەدایکبوونی مرۆڤی مێینە ڕەنگی داوەتەوە.

لەهەرێمی کوردستان سزای لێدانی ئافرەت بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی هەرچەندە بەپێی ماددەی حەوتەم، لێدانی ئافرەت و جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی، بۆ ماوەیەک سزای بەندکردن دەیگرێتەوە کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێت و بە پێبژاردنێک کە لە یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت یان بە یەکێک لەو دوو سزایە.

بۆ نەهێشتنی یاخود کەمکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت دەبێت سەرەتا ئەوەمان لە پێش چاوبێت کە ئەمە کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە دروستکردنی گۆرانکاری هەیە لە شێوازی هزر و جۆری بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا، گۆرینی ئەقڵیەتیش پرۆسەیەکی دراماتیکی نییە و خێرا نایەتە کایەوە، بەڵکو پێویستی بە کاری هەمەلایەنە و بەردەوام و ستراتیژی دوورمەودا هەیە لەلایەن هەموو ناوەندەکانەوە وەک "خێزان، ناوەندەکانی خوێندن، ڕاگەیاندن، دەزگا فەرمی و نافەرمیەکان، ڕێکخراو و دامەزراوە جۆراوجۆرەکان" بە تایبەت لە لایەن ڕێکخراوەکانی ئافرەتان پێویستە کار بکرێت بۆ هۆشیار کردنەوەی ڕای گشتی و لاواز کردنی ئەو نەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕەوایەتی بەم دیاردەیە دەدەن و، لەلایەن بەشێک لە تاکەکانەوە پەیرەوی لێدەکرێت هەوڵ بدرێت تاکەکان هۆشیار بکرێنەوە لەوەی کە ئەم ڕێسا کۆمەڵایەتی و داب و نەریتانە مایەی شانازی نین و، دوورن لەهەر بەهایەکی مرۆڤایەتی، ئەم دوو مرۆڤەش ئافرەت و پیاو جگە لە چەمکی مرۆڤ بوون ناکرێت هیچ چەمکێکی دیکە بکرێتە بنەما بۆ پەیوەندییەکانیان، خێزان لە پەروەردە و پێگەیاندندا پرەنسیپەکانی یەکسانی پەیرەو بکات و مافەکانی کچ و کوڕ وەک یەک و بەبێ جیاکاری بپارێزێت

**شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

## کرێکاران،
## زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بیاتە پێشەوە، لە هەواڵی ناڕەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێیەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستیێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا



# دڵت لاسکە گەڵای ڕۆحی منە...


هۆنراوەی: کەژاڵ ئیبراهیم خدر

1
حەزم لە پەلکە گیای
ڕۆحی تۆبوو
تا لەژێر سێبەری تارمایی
باڵاتا پشوو بدەم
چونکە ورشەی گەڵای دڵی تۆ
وەك کاتژمێرەکەی دەستم
لێ دەدات بۆ دیدەنی تۆ
2
حەزم
لەبەر هەیوانی بەهاری دڵتە
تاکوو لەکازیوەیەکدا
سەرخەوێك بشکێنم
نەوەك ڕۆژێك دابێت
ئەگەم بەخۆری هەتاوی ڕەنگی
تۆ
3
حەزم لە خەندەو تروسکەی
ئەنگوستە چاوی تۆیە
تاکوو وەك باڵندە باڵ بگرم
نەوەك لە شەوەزنگی ئازادایدا
جوانیەکانی هەناسەت نەبینم
4
حەزدەکەم ڕەنگم ببێت
بەبارانی شەونمی ڕووی تۆ
تاکوو سیمای زەردەخەنەت ببینم
نەوەك باوەشی سەفەرت
ڕێگە نەدات
گوڵەکانی لێوت بمژم
5
حەزدەکەم
دەنگت وەك ڕەهێڵەو زریان
ببیستم
تاکوو بۆنی گوڵی ئەرخەوانی و
کۆتری ئاشتی
پەرچەمت بکەم
6
هەمیشە پەیامێکم پێیە بۆتۆ
نەوەك کۆرپەی باوەشت
وەك کانیاو ووشك ببێت و
کۆشکی خەونەکانم نەیەتەدی و
ملوانکەی دڵت بەری بۆخۆ
7
چەند منداڵیم
سپێدەیەك گروو گاڵی
بووکە شووشەی دڵت دەگرم
تاکوو لەژێر سێبەری گەڵای
ڕۆحتدا بەئەسپایی
بەچەپکێك گوڵی نێرگزەوە
بێم و بچم





بەرهەمی نوێی هونەرمەند هیوا ساڵح



# لەمەولا کافرانە دەنووسم



لەخوار سەرمەوە دادەنیشم
هەناسەم دەپێچم لەباڵی پەپولەیەکی
ماتەوەو چرایەیەك لەبەرپێی
تەنیایی خۆمدا دادەگیرسێنم و
بەئەستێرەکان دەڵێم ئەگەر ئەتوانن
وەرنە خوارەوەو باپێکەوە نوێژێك
لەسەر باڵی کۆترەباریکەیەك دابەستین
و
دوعایەك بەسەر دڵتەنگیمانا بخوێنین

هیچ شتێکم بۆلەیەکتری جیاناکرێتەوە
تۆو باران لەیەك دەچن و لەیەکتریش
ناچن
ئەوەندە ئەو پرسیارەم لەخۆم کرد
خەریکە گومان لەخۆم دەکەم
ماوەیەکە چاوی چەپم زۆر دەفڕێ و
شەوانەش بەدەم خەوەوە ڕادەچڵەکم

عارەق لەتەپڵی سەرمەوە دێتە
خوارەوە
تابەری پێم
ئەڵێی شتێکم لێ کەوتۆتە خوارەوەو
بۆم هەڵناگیرێتەوە
دەنگێك هەراسانی کردوم
لایەکی مێشکمی کون کون کردووەو
زو زو بەسەر مردنی خۆمدا دەکەوم

گەڕەکەکەی ئەوسای خۆمانم
بۆنادۆزرێتەوە و
ژمارەی دەگای ماڵەکەمانم بیرنەماوە
وابزانم لەسفرەوە دەستی پێدەکردو
لەهەشتەوە کۆتای پێدەهات

من حەز لەفڕین ناکەم
بەڵام چیبکەم هەرشەوەی بەشێك
لەجەستەم ئەپوکێتەوە و
بایەکی تورەو ترۆ یاری بەقەدەرم
دەکات
نامەوێت لێرە بڕۆم
ئەزانم هەموو بارانەکان بەدواما
دەگەڕێن
هەورەکان بێزارم دەکەن ئەوەندە
نامەم بۆدەنێرن

لەخوا سەرمەوە دادەنیشم
ئەوەی بەدڵمابێت دەینوسمەوەو
دەیخەمە ژێر سەرینە ماتەکەم
بۆئەوەی ئەوەندە خەونی ترسناك
نەبینم
من حەزم لەفڕین نەبوو بەس
ڕەشەبایەکی
نەگریس شووشەی پەنجەرەی
ژووری
نوستنەکەی شکاندم و بەناو خۆمدا
هەڵیواسیم

شتێکم لێکەوتۆتە خوارەوەو
بۆم نادۆزرێتەوە
پێدەچێت ئاو لەگەڵ خۆیدا بردبێتی
بێزاریم سەد دەرەجە ژێر سفرەو
تەنیاییم خەریکە دەیبەستێت

لەمەولا کافرانە دەنوسم
شێتانە ئەخۆمەوە
مەستانە شەڕبەخۆم دەفرۆشم
لەم شێتیەم نایەمە خوارەوە
لەم مەستیەم دانابەزم
خۆچاك دەزانم نەبارانێك دەبارێت و
نە خۆشەویستەکەی
ئەوساشم
تەنیاییم ئەخاتە ڕستەوە
............
میرزا
١٨/٦/٢٠٢١



# تاهیر حاجی حەسەن: ئەو ڕۆڵە پیس و ترسناکەی دەسەڵاتی بەرەی کوردایەتی ئەنجامی دەدات، دەیان جار ترسناکترە لەو ڕۆڵەی دەوڵەتانی تورکیاو ئێران دەیگێڕن...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز تاهیر حاجی حەسەن چالاکوانی کۆمۆنیست سەبارەت بەلەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، و بارگرژی نێوان پارتی و پەکەکە...

**بۆپێشەوە: تا چەندە لاتان وایە ئەم هێرشانە، بۆ لاوازکردنی زیاتری دەسەڵاتی حزبەکانی دەسەڵاتە، لەبەرامبەر بەغدادا؟**

**تاهیر حاجی حەسەن:** لەڕاستیدا پەیوەندیەک لەنێوانی دەسەڵاتی بەغداو دەسەڵاتی هەرێمدا بونی هەیە، پەیوەندیەکی تۆم و جیری ئاساییە. ئەوان هەردولایان دوو دەسەڵاتی میلیشیای و مافیایین و بەئەندازەیەکیش دەتوانم بڵێم یەک تەواو هێنەری ئەویترە. چونکە لەو جۆرە حکومەت و دەسەڵاتانەدا، هێندەی خەمیان لەسایەی گێژاوداو لەسایەی بوونی بەردەوامی نائارامیدا، پڕکردنی گیرفانە پڕ نەبوەکانیانە، بەچارەکێکیش خەمیان لای ڕێکخستنی کۆمەڵگە و ڕزگارکردنی کۆمەڵگە نییە لەو ژیانە مەرگەساتیە ڕۆژانەیەی پێوەی دەناڵێنێت. هەربۆیە؛ دەتوانم بشڵێم، حکومەتی ناوەندیش کە هەرێمیش بەبەشێک لەخاکی عێراق دەزانێت، بۆی نەبووە بەمەسەلەیەکی گرنگ تا بەرەنگاری هێرشەکانی دەوڵەتی فاشی تورکیا بکات. لەوێیشەوە؛ سەیری هەڵوێستی لەرزۆکی حکومەتی کوردی و حزبەکانی نێو دەسەڵات دەکات، کە بەچ ئەندازەیەک بێهەڵوێستن یاخود بۆخۆیان بەشێکن لەو پرۆژەی داگیرکاریەی دەوڵەتی تورکیا دەستی داوەتێ. بۆیە؛ نە حکومەتی بەغداو نەحکومەتی هەرێم، جێگەی بڕواو متمانە پێکردن نین و بۆخۆیان بەشێکی دانەبڕوان لەوێرانکردنی کۆی وڵاتی عێراق و بەتاڵان بردنی سامانی گشتی ئەو کۆمەڵگەیە.

**بۆپێشەوە: لە ئەگەری هێرشی سەربازی تورکیا یان ئێران بەشێوەی فراوان بۆ ناو هەرێمی کوردستان، چارەنووسی دەسەڵاتی هەرێم و حکومەت چی بەسەردا دیت؟**

**تاهیر حاجی حەسەن:** لەڕاستیدا کارێکی وا بەئاسانی ڕێی تێناچێت کە ئەو دوو دەوڵەتە هێرشی سەرتاسەری بکەن بۆ داگیرکردنی هەرێم، نەک لەبەرئەوەی ناتوانن، بەڵکو ماوەی نزیکەی سێ ساڵە لەڕێی حکومەتی

تاڵانچی بۆرژوا قەومی میلیشیای کوردەوە، هەرێم داگیرکراوەو ئەوانە وەکیلی ئەو دوو دەوڵەتەن لەهەرێمدا، ئیتر پێویستیان بەداگیرکردنی یەکجارەکیەکی نییە. لەڕوی هەڵوێستی دەوڵەتانی زلهێزیشەوە، پێناچێت ئاوا بەئاسانی ڕێگە بەداگیرکارییەکە بدرێت، مەگەر ئەوەی لە ئەسڵدا پلان و پرۆژەکە لەلایەن ئەو دەوڵەتە زلهێزانەی وەک

> **لەڕاستیدا پەیوەندیەك لەنێوانی دەسەڵاتی بەغداو دەسەڵاتی هەرێمدا بونی هەیە، پەیوەندیەکی تۆم و جیری ئاساییە. ئەوان هەردولایان دوو دەسەڵاتی میلیشیای و مافیایین و بەئەندازەیەکیش دەتوانم بڵێم یەك تەواو هێنەری ئەویترە...**

ئەمریکاو ڕوسیاو ئەوروپاوە درابێتە دەوڵەتی تورکیاو ئێران تا بەو کارە هەستن. جەنگەکە تەنها بۆ هێشتنەوەی نائارامیە لەعێراق و هەرێمداو لەبوونی نائارامیشدا، بەشە زۆریەکەی کۆمەڵگە باشتر سەرکوت دەکرێن و بەردەوام لەڕێی ئاوا سیناریۆیەکەوە، بۆ حکومەتی تاڵانچی کوردی، وەک دەستکەوتێک وایە تا دەمی نارەزایەتییەکانی پێ داخات. بۆ دەوڵەتی قەیران گرتوی تورکیاو ئێرانیش بەهەمانشێوەیە. چونکە ئەوانیش پڕاوپڕن لەسەرکوت و قەیران.

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی پارتی و یەکێتی، لەهێرشی وڵاتانی ناوچەکە بۆسەر کوردستان چۆن دەبینن؟**

**تاهیر حاجی حەسەن:** لەڕاستیدا لەپرسیاری پێشوتردا وەڵامی ئەم پرسیارەیشم داوەتەوە. ئەو ڕۆڵەی پارتی و یەکێتی پێیان دراوە ڕۆڵی سەربازی نێو شەترەنجە و ئەرکیان پاراستنی هەیبەتی ئەو پاشایەیە کە ڕۆڵەکەیان پێ دەدات. یانی پارتی و یەکێتی، هێندەی پاراستنیان لەلایەن هەردوو دەوڵەتی تورکیاو ئێرانەوەیە، هێندە پشتیان قایم نیە بەگەلی کوردستان لە پاراستنیان، هەربۆیەشە هیچ سڵ ناکەنەوە لەتاڵانکردن و دزینی کۆی سامانی خەڵکی هەرێم و ڕۆژ

بەڕۆژ زیاتر ئەو کۆمەڵگەیە توشی قەیران و بێژیانی و نائارامی دەکەن.

**بۆپێشەوە: خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر بە هێرش و ملهوری وڵاتانی ناوچەکە دەبێ چی بکەن؟ و چ ئەرکێکیان دەکەوێتە ئەستۆ؟**

**تاهیر حاجی حەسەن:** لەڕاستیدا، خەڵکی هەرێم مێژوویەکە لەلایەن کۆی ئەحزابی بەرەی بۆرژوا قەومی و دینی کوردیەوە، ئەرکە شۆڕشگێڕیەکەیان لێ داماڵیون و زیاتر سپاردونیان بەبێهودەی و ئەوەی کە هەر دەوڵەتێکیتر بێت و داگیریان بکات، لەو حکومەتە کوردیە پێیان باشتر بێت، جا ئاوا سیناریۆیەکیش ڕونادات. لەبەرئەوەی وەک لەپێشتر ئاماژەم پێداوە، کە خودی ئەحزابی کوردی بەدیهێنەری ئامانج و ستراتیژی دەوڵەتان و کۆمپانیا زەبەلاحەکان بن، ئیتر لەوێدایە، کە ئەو لەبەریەک هەڵوەشانەوە بەپلانەی خەڵکی هەرێم، بۆخۆی هەلومەرجێکی وای بۆ هێناونەتە پێشەوە کە ئەوانیش نەک بەزۆرینە ئامادەی نارەزایەتی وبەرەنگار بونەوەیان نییە، بەڵکو ڕۆتینیات وای لێیان کردوە بێ دەربەستانە بڕواننە ئەو دیمەنە مەرگەساتیانەی ڕۆژانە دەرهەق بەخەڵکی سیڤیلی گوندەکانی دەڤەری بادینان دەکرێت. ئەو ڕۆڵە پیس و ترسناکەی دەسەڵاتی بەرەی کوردایەتی ئەنجامی دەدات، دەیان جار ترسناکترە لەو ڕۆڵەی دەوڵەتانی تورکیاو ئێران دەیگێڕن. مەخابن، هەر لەو بێدەربەستیەوەیە، کە خەڵکی کۆمەڵگەی ئێمە هێندەی وێنەی کۆمەڵگەیەکی مردوو دەبینرێت، بەو ئەندازەیە شێوەی کۆمەڵگەیەکی چالاک و دژە باو نابینرێت. بابیبنین، بزانین کام

سیناریۆی دارزین هەیە نەتوانرابێت جێبەجێ و نەسەپێنرابێت بەسەر ئەو زۆرینەیەداو بۆ بەرەی قەومی و کۆنەپەرستانی ئیسلامی سیاسی نەچوبێتە سەر؟ ئاخر کۆمەڵگە لەساتی لێسەندنەوەی کەرتی گشتی! سپاردنی بەکەرتی تاڵانچی بازاڕی نیۆلیبراڵیزم و نەدانی موچە بەچەند مانگ جارێک و لێبڕینی بە لەسەدا بیست و بێکاری و خۆ کوشتن و ژن کوشتن و جاچی بێحورمەتی نەماوە بەو کۆمەڵگەیە نەکرێت؟ لەگەڵ ئەوەیشدا، لەڕاستیدا بێدەنگی زاڵەو ئەوەیشی هەیە تەنها بۆڵە بۆڵێکی ڕەزیلانەیە. خۆ کۆمەڵگەیش یان زۆرینەکەیش، کە کراوە بەهەزار پارچەوە و لەنێو مەیل و بەرژەوەندیەکانی حزبە جۆراوجۆرەکاندا دابەشکراون، بۆخۆی گرفتی گەورەی نێو نەتوانینینە بۆ ڕێکخراوبونی ئەو زۆرینەیە و لەواقعیشدا، بەرەی چەپیش خاوەن بونێکی پڕ لەئەرک و بەرپرسیارێتی نییە لەو نێوەداو ئەمیش بۆخۆی هەر گروپ و کەسێک خۆی بەتەواوترو ئەویتر بەکەمتەرخەم دەزانێت، جالێرەدایە کە ئەو زۆرینەیە، هەم جێی ڕەخنەگرتن نییەو هەمیش جێی ڕەخنە گرتنە. لەهەرێم و عێراقدا، قۆناغ، قۆناغی گەنینە، جا وەک میوەو خۆراک کە لەوەختی خۆیدا بەسەر نەکرێتەوەو نەپارێزرێت، دواتر بۆگەن دەکات، دەسەڵاتی هەرێم و کۆمەڵگەکەیش ئاوایان لێهاتوە، دەتوانم بڵێم، جێگە ئومێد نین.

**بۆپێشەوە: هێزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانی هەرێم، هەڵوێستیان لەبەرامبەر لەشکرکێشی و ملهوری وڵاتانی ناوچەکە چۆنە؟**

**تاهیر حاجی حەسەن:** کام هێزی ئۆپۆزیسیۆن؟ ئاخر ئەوان خۆیان هەن تا بتوانن هەڵوێست و بەرەنگاریشیان هەبێت؟ ئیسلامی سیاسی خۆیان وەکیلی خەلیفە ئەردۆغان و خەلیفە خامینەئی و خەلیفە ئال سعود ئال قەتەرو بەحرەین و دەورێکی تابلێی

> **ئەو بۆشاییە گەورەیەی بونی هەیە، لەناڕێکخراوبوونی چینە چەوساوەکاندا، پڕکردنەوەی لەلایەن هێزە بۆرژوازەکان حزب و ڕێکخراوەکانیانەوە کارێکی ئاسانە...**

پیس و چەپەڵ دەگێڕن لەکوردستاندا، ئەوان ساغ کەرەوەی سەرمایەگوزارین بەجلوبەرگی حیجاب و بەکۆیلەکردنی زیاتری ژنانەوە، ئیتر چیان لێ چاوەڕوان دەکرێت؟ بەرەی شاسواریشە، ئەویش بۆخۆیان هەر سەوداسەری و قەشمەرخانەیەکن و بەس و مەگەر هەر خۆی بزانێت کام دەستی هەواڵگری ناوخۆیی یان ناوچەیی و دەرەکی هەڵی دەسوڕێنێت. هەربۆیە؛ ئەو بۆشاییە گەورەیەی بونی هەیە، لەناڕێکخراوبوونی چینە چەوساوەکاندا، پڕکردنەوەی لەلایەن هێزە بۆرژوازەکان حزب و ڕێکخراوەکانیانەوە کارێکی ئاسانە. بۆ مەگەر بزوتنەوەی گۆڕان چ دەورێکی گەورەی گێڕا لەو نێوەداو بەچ ئەندازەیەکی خوێڕیانە کۆی نارەزایەتییە جەماوەرییە پەرشوبڵاوەکانیان وەلا ناو، بۆخۆیان ملکەچی دەسەڵاتی هەرێمیان کردەوە؟

**بۆپێشەوە: هێرش و ملهوری وڵاتان و ناوچەکە چ لێکەوتەو ئاکامێکی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان دەبێت؟**

**تاهیر حاجی حەسەن:** بێگومان لێکەوتەکانی زۆرن و بەئەندازەیەکیش پێش ئەو هیرشانە، لەلایەن خودی بزووتنەوەی سیاسی کوردایەتیەوە، زۆر دەمێکە کۆی جەستەی کۆمەڵگەیان کون کون کردوەو تا دەست بۆ پینەکردنێک دەبرێت، دەپینەی تریان تێکردون. ئیتر بۆیە، کاریگەرییەکانی هێرش و شەڕی دەوڵەتی فاشستی تورکیاو ئێرانیش هەر زیاترکردنی مەینەتیەکانی سەر ژیانی ئەو زۆرینەیە دەبێت.

دەوڵەتی تورکیاو دەوڵەتی ئاخوندەکانەوە، هێرش بۆ داگیرکاریەکەی بونی هەیە، بۆ گەشتنە بەدەریای سپی ناوەڕاست و مەسەلەی بازرگانی و لەبیرمان نەچێت، کە بەناوی ڕێگەی هاوریشمینەوە، پڕ لە بایەخ پێدانە، جا تائێستا، ڕون نییە، دەوڵەتی چین لەوێدا چ دەورێکی هەیەو دەوڵەتی

سەرمایەداری جیهانە، جا بەئاسانیش ناتوانرێت، پێش بینی ئارامی و کۆتایی نائارامی لێبکرێت، مەگەر ئەوەی گەلانی ناوچەکە بەشۆڕشێکی کۆمەڵایەتی کۆتایی بەخودی دەوڵەتە دیکتاتۆرو ملهوڕەکانی ناوچەکە بهێنن و هەر لەوڕێگەیەشەوە کۆتایی بەو دەستانە بهێنرێت کەهاتونەتە

کوردایەتی هەیبوو. لەم زەمەنەی ئێستادا، پێناچێت؛ پارتی بتوانێت بچێتە شەڕێکی سەرتاسەریەوە. چونکە ناتوانێت ئایندەی خۆی پێ مسۆگەر بکات، هێندەی دەکرێت بڵێین؛ پارتی لەڕێی ئەو وێران کردنەی گوندەکانی ناوچەی شەڕ لەڕێی دەوڵەتە فاشیەکەی ئەردۆغانەوە، بکاتە بیانو بۆ

**دنیای سەرمایەداری، دنیای پڕ لەچەوساندنەوەی چینایەتیە، شەڕێکیش بونی هەبێت، تەنها شەڕو ململانێی نێوان ئەو دو چینەیەو چینی چەوسێنەری سەرمایەداریش، مەگەر تەنهاو تەنها، لەڕێی گۆڕهەڵکەنەکەی خۆیەوە، یانی چینی پرۆلیتاریاوە بخرێتە نێو گۆڕەکەی و بۆ هەمیشە لەڕێی شۆڕشی کۆمەڵایەتی سۆشیالیستیەوە کۆتایی بەکۆی مێژووی چەوساندنەوەی چینایەتی بهێنرێت...**

ئەردۆغان وەک ڕێگری ئەو پرۆژەیەیە یان بۆ ڕێخۆشکردنی پرۆژەکەیە؟ چونکە گەر وەک ڕێگرێک بێت لەبەردەم پرۆژەی ڕێگەی هاوریشمیندا، ئەوکات، مانای وایە، بەشێک لەو ئەرکە پیسەی دەستی بۆ بردوە، پێشتر لەلایەن دەوڵەتی ئیمپریالی ئەمریکاو دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپاوە، گڵۆپی سەوزیان بۆ هەڵکردوە! لێرەیشدا گومانەکان زۆرن و کەم نین، لەلایەک خودی دەوڵەتەکەی ئەردۆغان لەگەڵ هەریەک لە دەوڵەتی ئەمریکا و ڕوسیا و چین وئەوروپادا، پەیوەندی هەیە، جا چونکە پێگەی جیۆگرافی تورکیاو هەڵکەوتەکەی لەسەر دەریای ئیجەو دەریای سپی ناوەڕاست و هی دیکەیشە، هەریەک لەو دەوڵەتانەی تر، بەرژەوەندی بازرگانیان دەکەوێتە ئەو شوێنەو پێویستیان بەملهوڕێکی وەک ئەردۆغانی فاشی و ئیسلامیش هەیە. لێرەدایە،

ئەو وڵاتانەوە بۆ وێرانکردن و بەتاڵان بردنی سامانە ماتەریاڵیەکەی، گەرنا؟ زەحمەتە زۆرینە چەوساوەکە، ڕزگاریان ببێت، لەو دوو جۆرە چەوساندنەوەیەی بەسەریانەوەیە.

**بۆپێشەوە: تورکیا زۆر هەوڵ دەدات لەچوارچێوەی هێرشەکانی خۆیدا پارتی و پەکەکە پەلکێشی شەڕێکی ناوخۆیی و سەراسەری بکات، لاتان وایە شەڕێکی ئاوا ڕووبدات؟**

**تاهیر حاجی حەسەن:** ڕاستی مێژووی ڕابردوو، خاڵی نەبوە لەو شەڕانە، هەر لەساڵی ١٩٩٢دا ئاوا شەڕێکیان پێکراو، لەساڵی ١٩٩٤-١٩٩٨ شەڕی نێوان یەکێتی و پارتی ڕویداو، دواتر بەشەڕی براکوژی ناویان لێ نا، گەرچی ئاوا ناوێک داتاشراوی نێو بەرژەوەندییە جیاوازەکانی نێو

ڕاکێشانی هەستی خەڵکی کوردستان و تاوانبار کردنی پەکەکە پێی، بەڵام لەو سیناریۆیەشدا سەرکەوتو نابێت. لەواقیعدا، ئەحزابی کوردی لەکۆنەوە تا ئێستایان سوکانەکانیان بەدەستی پێویستی و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی ناوچەکەو هێزو دامودەزگا هەواڵگریەکان بووە، ئیتر بۆیە؛ بۆ چرکەیەکیش نابێت خەڵکی کوردستان ئومێدێکیان پێیان هەبێت، تا ئەو حکومەت و دەسەڵاتە بۆرژوا تاڵانچیەش بوونی هەبێت، زۆرینەکە دەبێت بەردەوام لەنێو ژیانی نادڵنیایی و بێژیانیدا بن. چونکە دەوڵەتانی ناوچەکەیش هاوشێوەی ئەحزاب و حکومەتە کوردیەکەن، ئیتر، دز بەدز دەڵێت ڕێم بکە، گشتیان وەک یەکن. تەنها شتێک شانازی پێوە بکەن، قۆناغی تاڵانکردن و بوون بەشەقاوەچێتیەکەیانە بەسەر چینەچەوساوەکانەوە لەهەریەک لەو دەوڵەت و وڵاتانەی ناویان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. دنیای سەرمایەداری، دنیای پڕ لەچەوساندنەوەی چینایەتیە، شەڕێکیش بونی هەبێت، تەنها شەڕو ململانێی نێوان ئەو دو چینەیەو چینی چەوسێنەری سەرمایەداریش، مەگەر تەنهاو تەنها، لەڕێی گۆڕهەڵکەنەکەی خۆیەوە، یانی چینی پرۆلیتاریاوە بخرێتە نێو گۆڕەکەی و بۆ هەمیشە لەڕێی شۆڕشی کۆمەڵایەتی سۆشیالیستیەوە کۆتایی بەکۆی مێژووی چەوساندنەوەی چینایەتی بهێنرێت، هەر لەو سات و قۆناغانە دایە، کۆتایی بەوەهمی ناسیۆنالیستی و خورافاتی ئاینی و مەزهەبی دەهێنرێت. چونکە لەوێدا، کۆتایی بەپیرۆزی خاوەندارێتی سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنانیش دەهێنرێت، ئیتر کەس بەفلسێکیش بەهاو پێگەی ناسیۆنالیستی ئاینی بۆی گرنگ نابێت.

**دەستان خۆش و ماندونەبن**

**لەواقیعدا، ئەحزابی کوردی لەکۆنەوە تا ئێستایان سوکانەکانیان بەدەستی پێویستی و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی ناوچەکەو هێزو دامودەزگا هەواڵگریەکان بووە، ئیتر بۆیە؛ بۆ چرکەیەکیش نابێت خەڵکی کوردستان ئومێدێکیان پێیان هەبێت، تا ئەو حکومەت و دەسەڵاتە بۆرژوا تاڵانچیەش بوونی هەبێت، زۆرینەکە دەبێت بەردەوام لەنێو ژیانی نادڵنیایی و بێژیانیدا بن...**

**بۆپێشەوە: هۆکاری هێرش و ملهوری نواندنی بەردەوامی وڵاتانی ناوچەکە لە کوردستاندا، چییە؟**

**تاهیر حاجی حەسەن:** کوردستان لەڕوی ئابوری ژێر زەمینیەوە، خاوەن سامانێکی زۆرەو لەڕوی جیۆسیاسیشەوە خاوەن پێگەیەکە کە، کەمتر نییە لە پێگە ئابوریەکەی. جا بۆ دەوڵەتانی وەک تورکیاو ئێران، هەروەک چۆن لە ڕۆژئاوای کوردستانیش خاوەن هەمان پێگەی جیۆسیاسیە، و بەردەوامیش لەلایەن

کوردستان، بۆ بەستنەوەی ڕێگای بازرگانی و خاوەن نەوت و غازی سروشتی و پێدەچێت لەسەر زەمینەکەیشیا ماتەریاڵی جۆراوجۆری بەسود بونی هەبێت و خەڵکی کوردستانیش خۆیشیان پێی نەزانن. هەروەک چۆن ئەمریکا لە ئەفغانستاندا، جۆری پڕ لەقازانجی مەوادی تایبەتی لەو چیاو شوێنە تایبەتانەی ئەفغانستان بردو خەڵکی ئەفغانستانیش ئاگایان لێی نییە و، یان هیچیشیان پێ نەکرا. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ناوچەی خاڵی کردنەوەی قەیرانە جۆراوجۆرەکانی نێو ڕکابەری و ململانێکانی نێوان دەوڵەتانی زلهێزی

خودی ئەو دوو حزبە بۆرژوازی و هەریەکەیان پارێزەری بەرژەوەندی دەوڵەتان و کۆمپانیا جیاوازەکانن و بەدوور و نزیک پێویستی نێو بەرژەوەندی زۆرینەکە نەبوو، بۆ وەها شەڕێکی وێرانکاریانە، چونکە براکان، لەوێدا بەرژەوەندی جیاوازیان یانی بەرژەوەندی هەژمونداری و چینایەتیان بو لەبەرپاکردنی شەڕەکە، و لەلایەکیتریشەوە بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی چینەچەوساوەکان و پڕ کردنەوەی قەیرانەکانیان بوو لەو شێوازی ئیدارەدانە شرۆڵەی کە بەرەی

**بەرگرتن بە لەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیا پێویستی بەهاتنە مەیدانی بەرەی سێهەمە، پێویستی بە ئامادەیی جەماوەری و بەرەی خەڵکی خەباتکار و پێشکەوتنخوازە. پێویستی بەهاوخەباتی خەڵکی ئازادیخوازی تورکیایە لەگەڵ خەڵکی ئازادیخوازی کوردستاندا...**

# فاتیح عەباس:تورکیا دەیەوێ کۆریدۆرێك (ڕێگەیەك) دروست بکا، و لە موسل و کەرکوك نزیك بێتەوە، و پشتێنەیەکیش لە ناوچە شاخاویەکان بۆ چەتە و گروپە ئیسلامیە توندرەوەکان بکاتەوە...



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز فاتیح عەباس چاودێری سیاسی سەبارەت بەلەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، و بارگرژی نێوان پارتی و پەکەکە...

**بۆپێشەوە: بەجیا لەبوونی دەیان بارەگا و بنکەی ئاشکراو نهێنی، سەبازی و هەواڵگری ڕژێمی تورکیا، ماوەیەکە دەوڵەتی تورکیا بێ پسانەوە خەریکی هێرشی سەربازییە بۆ سەر ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان، هۆکاری بەردەوامی ئەو هێرشانە چییە؟**

**فاتیح عەباس:** داود ئۆگلۆ یەکێ لە داڕێژەرانی سیاسەتی نوێی تورکیا، و خاوەنی ( قوڵایی ستراتیژی) کە کتێبێکە توێژی فەرمانرەوا و دەسەڵات گرنگی پێیدەدا. ئەو کاتەی سەرۆک وەزیران بوو لە لێدوانێکی ئەو دیدگا و بۆچوونەی بەرپرسانی تورکیای دووپات کردەوە کە دەڵێن هێڵی حەلەب تا سلێمانی بەشێکە لە ناوچەی هەژمون و ئاسایشی تورکیا، گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بەشێکە لە خەونی بەرپرسانی تورکیا کە نایشارنەوە. ئەورۆش هێرشەکانی تورکیا لە ئاڤاشین و زاب و مەتینا، و ،هەڕەشەی داگیرکردنی مەخمور و نزیک بوونەوە لە کەرکوک، داگیرکردنی بەشێکی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا (رۆژئاوا )، و دروستکردنی بنکە و بارەگای ئاشکراو نهێنی، سەبازی و هەواڵگری ڕژێمی تورکیا دەبێ لەو چوارچێوەیە ببینرێت. تورکیا دەیەوێ کۆریدۆرێک (ڕێگەیەک) دروست بکا، و لە موسل و کەرکوک نزیک بێتەوە، و پشتێنەیەکیش لە ناوچە شاخاویەکان بۆ چەتە و گروپە ئیسلامیە توندرەوەکان بکاتەوە، دەیەوێ بەرگری و خۆراگری پەکەکە و گەریلا تێکبشکێنێ کە بەربەستێکی سەختە لەپێش پرۆژەکە. تورکیا ئەو راستیە دەزانێ دوای شەڕی کەنداوی یەکەم ١٩٩١ کە ئەمریکا بۆ باڵادەستی و سەپاندنی هەژمونی لە ناوچەکە بەرپای کرد، بۆشاییەکی گەورە لە ناوچەکە دروست بووە، ناوچەکە بۆتە گۆڕەپانی ململانێ و ناکۆکی هێزە جیهانی و هەرێمایەتیەکان، و چارەنوسی هەرێم دوای ئەو شەڕە تا ئێستا یەکلانەکراوەتەوە، و بەردەوام لە ژێر مەترسی و ،هەڕەشە و گوشاری تورکیا و ئێران بووە. ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلهاوێشتنی ئابوری چین لە چوارچێوەی پرۆژەکەی (یەک پشتێنە و یەک ڕێگا ) کە تورکیا پشتگیری دەکا، و جموجۆلی سەربازی روسیا لە سوریا، لە ململانێیەکی جیۆسیاسی سەختدایە. ناوچەکە لە ژێر دارشتن و دیزایین کردنەوەدایە تا ئێستا هاوسەنگی و بەلانسێکی نوێ نەهاتۆتە کایەوە کە جێگیری و ئارامی بە ناوچەکە بدا. تورکیاش وەک هێزێکی ناوچەکە دەیەوێ بەشی لە دابەشکردنەوەی هەژمون لە ناوچەکە هەبێ، و زیانی بەرنەکەوێ، بۆیە بەردەوام هێرش دەکا و شوێنی نوێ داگیر دەکات.

> **هێڵی حەلەب تا سلێمانی بەشێکە لە ناوچەی هەژمون و ئاسایشی تورکیا، گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بەشێکە لە خەونی بەرپرسانی تورکیا کە نایشارنەوە...**

**بۆپێشەوە: دەوڵەتی تورکیا پاساوی هێرش و سنوربەزاندنەکانی، بۆ بوونی پەکەکە دەگێڕێتەوە، تا چەندە ئەو پاساوە ڕاستە بۆ هێرشەکانیان؟**

**فاتیح عەباس:** بۆ ئەمە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ راستی مێژووی تورکیا، و میتۆدی بیرکردنەوەی سیستەمی حوکمرانی کۆن و نوێ، عوسمانیەکان سەیری گەلانی تریان کردوە کە ملکەچ و ژێردەستە بن، لە دوا قۆناخی عوسمانی، بیروبۆچوونی نەتەوەپەرستی زیاتر گەشەی کرد، و دیدگای ئیتیحاد و تەرەقی کە فکری چینی فەرمانرەوا بوو جۆرێک بوو لەو بیرکردنەوە تەسکە، و هەر بەو تێروانینە گەلی ئەرمەن و رۆم و سریانیان کۆمەڵکوژ کرد. بەجۆرێک دەروانننە کورد بۆ مردن باش بن! ئەورۆش ئەوانەی سیاسەتی تورکیا بەڕێوە دەبەن، لە ئەردۆگانی ئیسلامی و مەهەپەی نەتەوەپەرست، میراتگری ئەو مێژوو و رۆشنبیری و کەلتورەن، و کورد و گەلانی ناوچەکە بوونەتە قوربانی. لە ناوخۆ سیاسەتی ئەکەپە _مەهەپە لە جیاتی چارەسەری پرسی کورد، و زیندوکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی خەریکە دامەزراوەکان دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، داخستنی زۆربەی رێکخراو و میدیای ئازادی سەر بە هەدەپە، و دەرکردنی سەرۆک شارەوانییە هەلبژێراوەکان و دانانی قەیومی ئەکەپە لە جێگەکەیان، و لابردنی پارێزبەندی سەر پەرلەمانتارەکانی هەدەپە، و دادگاییکردنیان بە تۆمەتی بێ بنەما، گرتن و دەست بەسەرکردنی هەزارەها چالاکوانی سیاسی، دروستکردنی سیناریۆ بۆ ناشیرینکردنی رەوتی سیاسی کورد، و جۆشدان و وروژاندنی هەستی نەتەوەپەرستی و نانەوەی ناکۆکی و گرژی، ئەمانە سیاسەتی ئەکەپەیە، ئەردۆگان و ئەکەپە لە رابردوو، و بەو دواییەش لە رێگەی داعشەوە هەوڵی زیندوکردنەوەی خەلافەتی عوسمانی و ملکەچکردنی کورد و نەتەوەکانی تریان دەدا، بو گەڕاندنەوەی خەونی شکۆی سەلتەنەت. زیاتر لە سەدەیەکە لە باکور درێژە بە سیاسەتی لەناوبردن و توانەوە دەدەن، هێرش دەکەنە سەر سوریا و رۆژئاوا، و باشوری کوردستان وعێراق و لیبیا و قەرەباخ و دەریای سپی ناوەڕاست، و کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدەن، کەمینــەیەکی رۆشنبیر لە مێژووی فاشیزمی تورکی دەگەن، و لەلایان ئاشکرایە کە فاشیزمی دەوڵەتی تورکیــا ڕەگێکی ڕیشەداریی هەیە بەو شێوەیە، و مێژووی ئەم فاشیزمە بەرامبەر بە ناوچەکە، کورد و کەمایەتییەکانی تری ناو تورکیا کۆنە، و لە مێژووی بوونی پەکەکە زۆر زیــاترە. ئەو کاتەی کۆمەلکوژی ئاگری و دەرسیمیان ئەنجامدا پەکەکە بوونی نەبووا کورد هەبوو، پەکەکە بیانویە بۆ سنور بەزاندن و دەستێوەردان، هاتنە بەعشیقە کە پەکەکەی لێ نییە، ئەو کاتە بیانۆ داعش بوو، دوای تێکشکانی داعش هەر نەکشانەوە. میدیای کوردی وابەستەش بە تورکیا کەمی نەکردوە لە چەواشەکاری و بەلاڕێ دابردنی خەڵک کە پەکەکە هۆکاری هێرش و پەلامارەکانی تورکیایە، لە رێگەی بلاوکردنەوەی هەوالی درۆ و پروپوچ، ئەمە بە شێوەیەکی رۆژانە و بەردەوام دووبارەدەکرێنەوە .

> **میدیای کوردی وابەستەش بە تورکیا کەمی نەکردوە لە چەواشەکاری و بەلاڕێ دابردنی خەڵك کە پەکەکە هۆکاری هێرش و پەلامارەکانی تورکیایە، لە ڕێگەی بلاوکردنەوەی هەوالی درۆ و پروپوچ، ئەمە بە شێوەیەکی رۆژانە و بەردەوام دووبارەدەکرێنەوە ...**

**بۆپێشەوە: پێشوتر دەوڵەتی تورکیا ناو بەناو دەستی دەبرد بۆ هێرشی سەربازی، بەڵام ماوەیەکە ئەم هێرشانە بەردەوامیان پێ دەردرێت، هۆکاری ئەمە چییە؟**

**فاتیح عەباس:** سەختی هەلومەرجی ئابوری، بێکاری و هەژاری و کۆمەڵێک دیاردەی دزێو تورکیای گرتۆتەوە، کرۆناش ئەوەندەی تر کێشە ناوخۆییەکانی ئالۆزتر کردوە. فیدیۆکانی سەدات پەکەریش کە پەیوەندی دەسەڵات و مافیا دەخاتە روو بۆتە باسی خەڵک و دەنگدانەوەی دروستکردوە، ئەردۆگان بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک لەسەر تەنگژە و گرفتەکان دوور بخاتەوە، و هەستی دەمارگیری و نەتەوەپەرستی پەرەپێبدا تورکیای روەو شەڕ، و ململانێی بەردەوام بردوە، ئەوجارە شەڕێکی بەرفراوانی دەستپێکردوە، هەر لە 2011 وە لە میدیاکانی سەر بەدەوڵەتی تورکیا، مۆدێلی سریلانکا بۆ لەناوبردنی گەریلا باس دەکرێ، بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانەش تورکیا پێویستی بە هێزێکی هاوبەش لەسەر زەوی لە باشور هەیە، وەک ئەوەی سریلانکا دژی تامیلەکان سودی لێ بینی، بۆیە تورکیا فشار لە عێراق و هێزە کوردیەکان دەکا بەشداری شەڕەکە بن، و هاوکاری بکەن، تورکیا بەوە ڕێگری لە پرۆتستۆ و نارەزاییەکانی خەڵک لە تورکیا دەکا کە رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندندایە، و لە لایەکی ترەوە پێگەی خۆی لە باشور بەهێز تر بکا، و دەیەوێ جموجۆلی پەکەکەش سنوردار بکا کە ئەوانیش لەو ماوەیە بە تەکنیکی نوێ بەرەنگاری تورکیا دەبنەوە.

**بۆپێشەوە: بەجیا لە بیانووی بوونی پەکەکە، تورکیا ئێستا باس لە زیندوکردنەوەی میساقی نەتەوەیی دەکات، واتە تەماحی گێڕانەوەی دەسەڵاتی تورکیا بۆ ئەو شوێنانەی عوسمانیەکان کاتی خۆی دەسەڵاتیان هەبووە، ئەم ئاڵوگۆڕە لە سیاسەتی تورکیادا، چۆن دەبینن؟**

**فاتیح عەباس:** سەردانەکەی ئەم دواییەی خەلوسی ئاکار بۆ کانی ماسی و چەند ناوچەیەکی باشور بیگەڕانەوە بۆ حکومەتی عێراقی، وکێشەکانی زینێ وەرتێ، و چەمانکێ و شەنگال، و ئێستاش شەڕی ئاڤاشین و زاب و مەتینا بەلگەن لە سەر هەوڵەکانی تورکیا بۆ داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی باشور، بەتایبەتی کاتێک لە ساڵی ٢٠٢٣ نزیک دەبینەوە، ئەو ساڵەی ئەردۆگان پێی وایە کارکردن بە ڕێکەوتنی لۆزانی ١٩٢٣ کۆتایی دێت، و قۆناخێکی نوێ بۆ بنیاتنانەوەی تورکیا لەسەر بنەمای میساقی میللی دەستپێدەکا، بۆیە دەبێ هێرش و پەلامارەکانی تورکیا ببەسترێتەوە بە دۆکۆمێنتە مێژووییەکانی تایبەت بە میساقی میللی کە ئەردۆگانیش لەهەر بۆنەیەک کە دێتە پێشەوە ئاماژەی پێدەدا بۆ ڕەوایەتی دان بە سیاسەتە دوژمنکاریەکانی لەناوچەکە، و بیانوش شەڕی پەکەکەیە.

**بۆپێشەوە: چ حکومەتی هەرێمی کوردستان و چ حکومەتی بەغدا، کاردانەوەیەکی بەرچاویان لەبەرامبەر بە هێرش و ملهوڕی وڵاتانی ناوچەکە بۆسەر کوردستان نییە، هۆکاری ئەم بێدەنگییەیان چییە؟**

**فاتیح عەباس:** سەرەڕای پێشێلکاریەکانی تورکیا، و هەنگاو بە هەنگاو داگیرکردنی باشور و جێگیرکردنی سەربازگەی نوێ، کە بەپێی هەندێ ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی ژمارەیان گەیشتۆتە ٣٧ سەربازگە، حکومەتی عێراق تا ئێستا لەسەر

> **پارتی لە ململانێ و کێبرکێدایە لەگەل پەکەکە. لە پێگەی پەکەکە و بەهێزبوونی لە باشور دەترسێ و هەوڵی لاوازکردنی دەدا، و جۆرێك لە ئامادەیی هەیە بۆ شەڕ، بۆیە ئەرکی خەڵکە لە باشور دەنگ بەرزبکەنەوە، و ڕێگە لە کوشتن و کاولکاری و ئاوارەبوون بگرن کە زیاتر هەژاران و زەحمەتکێشانی وڵاتەکە دەبنە سوتەمەنی...**

داگیرکردنی بەشێکی باشور، و دزینی دار و درەخت و تێکدانی سروشت و ژینگە، و بڕینی ئاوی دیجلە و فورات هیچ داوایەک و نارەزاییەکی نەگەیاندۆتە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. عێراق تا ئەورۆ چاوپۆشی لە نفوزی تورکیا دەکا و بێ دەنگی هەڵبژاردوە، هۆکارەکەی ئەوەیە حکومەتی عێراق سەپێنراوە و بێ ئیرادەیە، و هیچ نوێنەرایەتی بەرژەوەندی خەڵک ناکات، و هێز و توانای لە خەڵکەوە وەرنەگرتوە. ئەمریکاش کەیاریکەرێکی سەرەکیە لە هاوکێشەی عێراق، ئەوڕۆ لەململانێ لەگەل ئێران و کەمکردنەوەی نفوزی لە عێراق تا

➜

ڕادەیەک چاوپۆشی لە دەستوەردانی تورکیا دەکا، لە کاتێکدا هەندێ گروپی چەکداری توندڕەوی شیعە کە کاریگەرن لە عێراق دژی دەستوەردانی تورکیان و ڕێگرن عێراق دژی پەکەکە بخزێتە شەڕەوە. ڕاگەیاندنەکەی هەرێمیش داوای ڕاگرتنی داربرینەوە دەکا، و باس لە گرفتە

> **تورکیا بە داگیرکردنی سەربازی بەشێکی باشور، و دەست بەسەراگرتنی جومگە سەرەکیەکانی ئابوری، و سەپاندنی چاند و ڕۆشنبیری تورکی نەك هەر هەرێمی لاوازکردوە و کردویەتی بە پاشکۆی خۆی، بەڵکو چارەنوسی هەرێمیشی خستۆتە مەترسیەوە ...**

سەرەکیەکە ناکات کە داگیرکردنی باشورە، پارتی لە ململانێ و کێبرکێدایە لەگەل پەکەکە. لە پێگەی پەکەکە و بەهێزبوونی لە باشور دەترسێ و هەوڵی لاوازکردنی دەدا، و جۆرێک لە ئامادەیی هەیە بۆ شەڕ، بۆیە ئەرکی خەڵکە لە باشور دەنگ بەرزبکەنەوە، و ڕێگە لە کوشتن و کاولکاری و ئاوارەبوون بگرن کە زیاتر هەژاران و زەحمەتکێشانی وڵاتەکە دەبنە سوتەمەنی.

**بۆپێشەوە: بۆچوونێک هەیە دەڵێت کە هێرشی دەوڵەتی تورکیا، بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی قەوارەی هەرێمی کوردستانە، تا چەندە هاوڕان لەسەر ئەم بۆچوونە؟**

**فاتیح عەباس:** تورکیا بە داگیرکردنی سەربازی بەشێکی باشور، و دەست بەسەراگرتنی جومگە سەرەکیەکانی ئابوری، و سەپاندنی چاند و ڕۆشنبیری تورکی نەک هەر هەرێمی لاوازکردوە و کردیەتی بە پاشکۆی خۆی، بەڵکو چارەنوسی هەرێمیشی خستۆتە مەترسیەوە، ئێستا فشار دەکا بۆئەوەی شەڕی پارتی و پەکەکە و جارێکی تر ناوچەکە بەرەو شەڕی خۆکوژی ببا، و هەرێم پارچە پارچە بکا و ناکۆکیەکان زیاد بکا. لە راپۆرتێکی شیکاری دوورودرێژدا رۆژنامەی ئورشەلیم پۆست لە نوسینی ( SETH J. FRANTZMAN)لە ١٦/٦/٢٠٢١، لەسەر هێرش و پەلامارەکانی سوپای تورکیا بۆ باشوری کوردستان، شرۆڤەیەکی بلاوکردۆتەوە؛ بە کورتی ئامانجەکانی دەوڵەتی تورکیا کە لە ناوەڕۆکی راپۆرتەکەدا هاتووە بۆ لاوازکردنی پەکەکەیە، کە هەتادێت ڕۆڵی گەورە دەبێت لە ناوخۆی تورکیاوە، بەکارهێنانی پارتی لە دژی پەکەکەیە، لە دواجار لەناوبردنی حکومەتی هەرێم لە ماوەیەکی مام ناوەندا.

لە هەرێمی ئاڤاشین و قەلای بێدەوێ شەڕێکی دژوار و سەخت بەرێوە دەبرێ، پارتی دەیەوێ هێزەکانی بەرەو دەروازەی ڕەنچبراخ (سێکوچکەی سیدا و ساجا و چەمجۆ) کە ناوەڕاست و دڵی هەرێمی گەرێلایە، ناوەڕاستی هەرێمی زاگرۆسە، کە بەرەی پشتەوەی ئەو شوێنانەیە کە ئێستا گەرێلا بەرخوردان و بەرگریەکی بێ وێنە تۆمار دەکا، جوڵاندنی هێز بۆ ئەو سێکوچکەیە کە گۆرەپانی شەڕە مانای دەستوەردانە لە شەڕەکە بۆ بەرژەوەندی تورکیا، و چوونە ناو شەڕە، ئەمە بە ڕای پەکەکە، لە سالی ١٩٨٢ گەرێلا لەو ناوچەیە بوونی هەیە، و لە دوای ١٩٨٨ تا ئێستا هیچ هێزێکی باشور لەو سێکوچکەیە بوونی نەبووە، لەکاتێکی وا هەستیار ناردنی هێز بۆ ئەو ناوچەیە ڕاستەوخۆ ڕاگەیاندنی شەڕە لە پال تورکیا، تورکیا هەوڵدەدا حکومەتی عێراقیش بخاتە ناو شەڕەکە، هێزێک بەناوی پاسەوانی سنور بخزێنێتە ناو شەڕەکە.

**بۆپێشەوە: دەوڵەتی تورکیا وەکو خاوەن ماڵ بڕیاری هێرش بۆ سەر ناوچە سنوریەکان و تەنانەت بۆردومانی درۆنەکانی لە قولایی کوردستاندا دەکات، ئەم غرورەی دەوڵەتی تورکیا پشتی بەچ سیاسەتیک بەستووە؟**

**فاتیح عەباس:** ملهوڕی و هێرش و پەلامارەکانی تورکیا لە قولایی کوردستان، و بێباکی و بێمنەتی تورکیا بەشێکی پەیوەستە بە ڕەگی ڕیشەیی مێژووی فاشیزمی تورکی بەرامبەر بە گەلانی ناوچەکە و کەمایەتیەکان، کۆمەڵکوژیەکانی ئاگری و دەرسیم و ....هتد لەرابردوو لەم دواییەش کۆمەڵکوژی سور و جزیرە و ئاوارەکردنی نیو ملیۆن کەس کە بەپێی ڕاپۆرتی UNتورکیا بە تاوانی دژە مرۆڤایەتی و جینۆساید تۆمەتبار کراوە، بەلام تورکیا گوێ بەوە نادا، بەتایبەتی کاتێ وڵاتان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵیدا دەکەونە سازش و چاوپۆشی لێدەکەن.

**بۆپێشەوە: بەجیا لە بێ هەڵویستی حکومەتی هەرێم و بەغدا، ناوەندە نێودەوڵەتیەکانیش، لەبەرامبەر هێرشی ناوە ناوەو بۆمباران و سنوربەزاندنی کوردستاندا، بێهەڵویستن، لەوبارەیەوە دەڵێن چی؟**

**فاتیح عەباس:** لەکاتێکدا لە پەرلەمانی بەریتانیا ئەندام پەرلەمان (ناڤەندو میشرا) لەسەر لیستی پارتی کرێکارانی بەریتانیا سەبارەت بەو هێرشانەی لە نیسانەوە بۆ سەر باشور دەستی پێکردووە، و بۆردومانکردنی کەمپی شەهید رۆستەم جودی کە تایبەتە بە ئاوارەکان لە مەخمور، پرسیاری ئاراستەی بۆریس جۆنسۆن کرد، ئایا سەرکۆنەی ئەو پەلامارە دەکەن؟

لەوەڵامدا پشتیوانییە ناڕاستەوخۆکەی بۆ تیرۆری ئەردۆگان لەوەدا بینرا، کە سەرکۆنەی نەکرد وگوتی پرسەکە ئاڵۆزە، وتورکیا بەدەست پەناهەندەوە گیری خواردووە، بەریتانیا دوای ئەڵمانیا و ئەمریکا گەورەترین پشتیوانە بۆ تیرۆری تورکیا.

لە ئاستی سەنتەرەکانی لێکۆلینەوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ تورکیا بە مەترسی لەسەر ئارامی و جێگیری ناوچەکە دەبینن، پەیمانگەی شانشینی بەریتانیا کە گرنگی بە بواری ئەمنی و سەربازی دەدا، ئەو ڕاستیەی خستۆتە روو کە تورکیا و ئێران بەیەکەوە مەترسین لەسەر ئاسایش و ئارامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و دەڵێ دەستێوەردانەکانی تورکیا لە باشور ئەرکەکانی ناتۆ لە ناوچەکە و عێراق قورس دەکا، ناوەندەکە رای چەند کەسێکی ئەکایمی و شارەزای دیاری لە بواری ئەمنی گواستۆتەوە کە تورکیا گرنگی ستراتیژی ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لاواز دەکا، و هەڵمەتە سەربازیەکانی تورکیا ئەرکی ناتۆ لە دابینکردنی ئارامی و سەقامگیری لە عێراق سەخت دەکات، ناوەندەکە مەترسی ئەوەشی نەشاردۆتەوە کە هێرش و دەستێوەردانەکانی تورکیا کە بۆ داپۆشینی شکستی ئابوریە، ببێتە ململانێیەکی گەورەتر لە ناوچەکە، و بە سەلبی کار لە بەرژەوەندیەکانی ناتۆ بکا، ئەوە لەگەڵ راسپاردەی لیژنەی حکومەتی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینەکان کە داوای کردبوو فشار بخرێتە سەر تورکیا بۆ دانانی ماوەیەکی دیاریکراو بۆ کشانەوە لە هەموو ئەو زەویانەی لە هێرشەکانی لە دەرەوەی سنورەکانی داگیری کردوە، بەمەش خواست و چاوتێبڕینەکانی ئەردۆگان، هەڕەشەیەکی راستەقینەیە لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و ئەوروپا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

## درێژەی...ئازادی بەبێ ڕزگاری چەوساوەکان بەدی نایە!

**لەبەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان پێش ئەوەی دەسەڵات بێت خۆمانین :**

ئاشکرایە زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەگشتی ئازادیخوازو یەکسانیخوانی کوردستان باش دەزانن کە ملهوڕییەکانی دەسەڵاتی حیزبە خێڵەکییەکان هەر لەسەرەتاوە بەم جۆرە ئاوازە بووە و زۆر بێ ڕوحمانە و شارەزایانە بەربونەتە گیانی هەر جوڵەیەکی ئازادیخوازو مرۆڤ دۆستانەو پێشکەوتنخوازانە لەکوردستان، هەربۆیەش ڕێگایان نەدا بەشاعیرو نووسەرانی وەک بەکر علی کە بەشیعرو هۆنراوەکانی خەمی چینەکەی خۆی بەیان بکات و دەنگ و سەدای هەقخوازانەی هەژاران و دانیشتووانی خانووە کۆن و ڕووخاوەکانیان بەیان بکات. هەربۆیە بەئاشکرا لەسلێمانی تیرۆریان کرد. لەدواتر محمد حەلاق و هاوڕێکانی تیرۆرکران و دواتر پێنچ لە هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تیرۆر کرا، پێشتریش ڕێناس وئارام ونەزیر عمر و مامۆستا سەلاح تیرۆرکرابوون، دواتر چەندین تێکۆشەری ئازادیخوازی ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی بەتایبەتی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەکوردستان تیرۆرکران و دواترو بەردەوامیش لەم شارو ئەوشار ڕۆژنامەنووسانی وەک سەردەشت عوسمان و سۆرانی مامەحەمە و کاوە گەرمیانی و ویدات حسێن و دواتریش خەڵکی خۆپیشاندەر کەداوای نان، کار، ئازادییان دەکرد بەئاشکرا بەرفیشەک دران لەشارەکان و کرانە قوربانی و بریندارکران. لە ١٦ی شووباتی رابردوودا دادگەی تاوانەکانی دووی هەولێر لە دووەم دانیشتنی دادگاییکردنی دەستگیرکراوانی بادیناندا هەریەک لە ئەیاس کەرەم، شێروان شێروانی، شڤان سەعید بەرۆژکی، گوهدار محەممەد زێباری و هاریوان عیسای بە شەش ساڵ زیندانی حوکمدا، بڕیارەکەش کاردانەوەی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێنا. رۆژی ٧ی حوزەیرانی ٢٠٢١ دۆسیەی حوکمدراوانی بادینان لەسەر داوای دادگەی تێهەڵچوونەوە، رەوانەی دادگەی پێداچوونەوە کرا. وێڕای هەبوونی نارەزایەتی زۆری ناوخۆیی کەچەندین خۆپیشاندان لەچەند شارو شارۆچکەیەک لەدژی ئەوبڕیارە ئەنجامدرا و وڵاتانی دەرەوە بەتایبەتیش وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا و کەنەدا لەبەرامبەر بڕیاری سزادانی چالاکوانانی مەدەنی رەخنەیان لەبڕیارەکەی دادگا گرت، بەڵام لە ٢٧/٦/٢٠٢١ دادگەی پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بڕیاری کۆتایی لەبارەی حوکمدراوانی بادینان دەرکرد، بەو پێیەش هەر یەکە لەو چالاکڤان و رۆژنامەڤانانە بە شەش ساڵ زیندانیکردن سزا دران. ئەم بڕیارەش نیشانی دا کە دەسەڵات و حکومەتی کوردستانی عێراق زیاتر هەنگاو دەنێت بۆ بەرتەسکردنەوەی ئازادییەکان و ئازادی میدیایی و چالاکی ڕێکخراوەیی بەتایبەتی. بەکورتی ئەم دەسەڵاتە ملهوڕە سات لەدوای سات بەرەو ملهوڕو سەرکوتی زیاتر ملدەنێ.

من پێم وایە ئەو جۆرە لەخۆ ڕازیبوون و خۆ ڕاوەشاندنەی بەرامبەر خەڵکی کوردستان بەتایبەت ڕەخنەگرانی سەری خۆی دەخوات و گۆڕ بۆخۆی هەڵدەکەنێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە خەڵکی کوردستان بەگشتی بەهۆی ئەو دابەشکارییەی لەڕوویی چوگرافیاوە لەنێوان ناوچەی زەرد وسەوزو پەکەکە کاریگەری نەرێنی زۆری هەیە لەلایەکی تریشەوە بەردەوام لەلایەن حیزبەکانی گۆڕان و ئیسلامییەکانیش و بەیەکێتییەوە زۆر فریودراوە لەئێستا بۆخەڵک دەرکەوتووە کە هەموویان داکۆکی لەهەمان سیستەمی بنەماڵەیی و سەرمایەداری دەکەن دەرئەنجام خەڵکی تووشی بێ ئومێدی کردووە لەگۆڕانی سیستەم ودەسەڵات. بەتایبەت بزووتنەوەی گۆڕان زۆر کاریگەری سلبی هەبوو. دەرئەنجامی ئەمەی گۆڕان و ئیسلامییەکان و یەکێتی دەبێتە هۆی چەند ساڵێک تەمەنی دەسەڵاتداریێتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان درێژبکات وێڕای ملهوڕی و سەرەڕۆکانی لەچەوسانەوە و سەرکوتەکانی.

**ڕێگاچارە بۆ هەڵتەکان ولەگۆڕنانی دەسەڵاتێکی لەوجۆرە تێکۆشانێکی جدی ودڵسۆزانەی کرداری پێویستە بەئەڵتەرناتیڤێکی پێچەوانەی سیستەمی کۆنەخوازو چەوسێنەری دەسەڵات.** ب

بۆئەمەشیان لەئێستادا هەنگاوی بۆ دەندرێت، بەڵام بەداخەوە لەزۆر بواردا بێ تەجروبەیە هەربۆیە پرشوبڵاوی بێ کاریگەری کردووە لەئاراستەکردنی نارەزایەتییەکانی کۆمەڵگەدا، دەرئەنجامی ئەم بێ کاریگەرییەش بۆتە هۆکاری بەلێشاوی کۆچی گەنجان لەدوایی هەر نارەزایەتی و قوربانی دانێک . خوێنەرانی خۆشەویست لەجیاتی گەنجان و لاوان ڕێگای هات و نەهات بگرنە بەر لەجیاتی پرشوبڵاوی خەڵکی نارازی بەسەرکوتی ئازادییەکان وچەوسانەوە پێویستە هاوخەباتی لەتێکۆشانی چۆنایەتی نیشانبدەین وگەشەی پێبدەین، با وزەی نارازی ئاوارەیی نەبێت چیتر، چونکە تەمەنی زاڵم و چەوسێنەر زیاتر دەکات. گرەوی سەرکەوتن بەسەر هەر دەسەڵاتێکی چەوسێنەر لەڕێکخراوبوونی هێزی نارازیدایە، بەتەنها باسکردن لەتاوان و سەرکوتەکانی دەسەڵات سوودی ئەوتۆی نابێت بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر بەبێ ڕێکخراوبوون. تەواوی خەڵکی کۆمەڵگە زۆر باش دەزانێت تەواوی دەسەڵات لەکوردستان چەوسێنەرو دزو گەندەڵە، هەربۆیەش ئەوان کە کەمینەن بەردەوام دەوڵەمەند دەبن زیاتر دەبنەخاوەن پارەوکومپانیا زۆرینەی خەڵکیش زیاتر بەرەو هەژاری وبرسیێتی ملدەنێ .
هەروەک کارڵ مارکس دەڵێت: کۆکردنەوەی سامان بەبێ دەست درێژی کردنە سەر مافی خەڵکی تر ئەستەمە.
هەروەها دیسان کارڵ مارکس دەڵێت: خۆ هەژارەکان کاری قورسیش دەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی دزنین نابنە سەرمایەدارو بازرگان. کەوایە چارەسەر پێویستە چینی چەوساوە هێزی خۆی ڕێکخراو بکات و بەرەو ڕاپەرین و لەگۆڕنانی چەوسێنەرو دزەکان هەنگاوی دڵسۆزانە بنێت.
کارڵ مارکس دەڵێت: ئەو مرۆڤانەی کە گەورە دیارن، هۆکارەکەی ئەوەیە ئێمە دانیشتووین کەواتە باهەستین.! بەڵام کەهەستاین با دەستی یەکبگرین لەتێکۆشان بۆهێنانەدی نان، کار، ئازادی ئیدارەدانی شورایی...

## درێژەی دوا وتە

زەرد کە کەمتر مەیدان و پێگەی ڕۆڵگێرانی ئێرانە، بەبەراورد بۆ زۆنی سەوز، بۆ ئەمریکا وەکو زۆنێکی ئارامتر و هاوکات بەوێنەی پایتەخت و جێگای کونسوڵخانەکانی زۆرێک لە وڵاتەکانی دنیا و هاوکاتیش وەکو هەرێمێک کە گەورەترین تەلاری قونسوڵخانەی ئەمریکا لەوێ بڕیارە بکرێتەوە، لقێکی ململانێکانی خۆی لەگەڵ ئێران گواستەوە بۆ هەولێر. ئێران لەبەرامبەر بە حزور زیاتر پەیداکردنی ئەمریکا لەهەولێر و کردنەوەی گەورەترین قونسوڵخانە و هاوکات حزوری ئاشکرا و بوونی دەیان بنکەو بارەگای تورکی لەم زۆنەدا، پێویستی بە وەڵام و ئامادەیی هەبوو. ساروخ و موشەک بارانی کردنی هەولێر، بەتایبەتی قونسوڵخانەی ئەمریکا، پەیام و وەڵامی ئێرانە بە حزوری ئەمریکا لە هەرێم و لە هەولیر و هاوکاتیش وەڵامە بە حزوری تورکیا کە رۆژ بەرۆژ زۆتر قاچی خۆی لێ ڕادەکێشێت. بەڵام ئەمە تەنها لایەنێکی مەسەلەکەو ململانێکەیە، لایەنی دووەمی کە زۆر گرنگتر لەلایەنی یەکەمە، خودی قەوارەی هەرێمی کوردستانە.

جمهوری ئیسلامی ئێران دەیەوێت دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێم کە تەواوی جومگەکانی دەسەڵاتداریێتی و بڕیاری سیاسی بەدەستی پارتی و لە زۆنی زەرد دەدرێت، وەکو بەغدا بکاتە پاشکۆی سیاسەتەکانی خۆی و حزوری بڕیاری سیاسی خۆی لەم زۆنەدا زۆرتر بکات، بۆ ئەم کارەشی کەڵک لەو گروپانە وەردەگرێت کە لە عێراقدان و لەژێر چەتری هاوکاری خۆیدان. لەوەش زیاتر ئێران دەیەوێت ئەو ڕاستیە نیشانی دەسەلات لە هەرێم بکات، کە دەتوانێت قەوارەی هەرێمی کوردستان نەک هەر بچوک و بچوکتر بکاتەوە، بەڵکو دەتوانێت کۆتایی پێ بهێنیت و بەتەواوی بیگێریتەوە بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی مەرکەزی لە عێراقدا، کە گوێ لەمستی خۆیەتی. لەم هەنگاوەشدا تورکیا نەک ناکۆک نییە، بەڵکو بە هاوئاهەنگ لەگەڵ ویستی خۆی وێنای دەکات و کەڵکی لێوەر دەگرێت.

ئەگەر نێوانی موشەک بارانەکان کەمتر ببنەوەو هاوکات ڕێژەی موشەکەکان زۆتر ببن و چەکی تری گەورەتر لە موشەکی تیا بەکاربێت وەکو درۆنەکان، یان زیاتر ئەوا دەتوانێت هەولێر فەلەج بکات و بەر لەهەموو لایەنێک هاتوچۆی فرۆکەوانی رابگرێت. پاشانیش قونسوڵخانەی وڵاتەکان ناچار بەجێهێشتنی هەولێر بکەن و ئەمنیەتی شلۆق و بێ پایەی هەولێر و دەوروبەری هێندە شپرزە بکات، کە هاوڵاتیانی ناچار بن بەجێ بهێڵن. ئەمەش بە مانای وشەکە ژێرەو ژوورکردنی قەوارەی سیاسی هەرێمە. دیارە دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێم، لەهیچ ڕوویەکەوە ئامادەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هیچ ئەگەر و پیشهاتێکی لەناکاو نییە و دەڕمێت.

هات و هاواری بەرپرسانی هەولیر، بۆ ئەوەی کە نابێ تەنها بە ئیدانەکردن رازی بن و پێویستە وەڵامی بەکردەوە بدەنەوە، و ڕووکردنە ئەمریکا بۆ وەڵامی کاریگەر، تا دەگاتە بەرپرسیاکردنی عیراق بەوەی سەروەری عێراق بپارێزێت، نیشانەی ئەوەیە دەسەڵاتی هەرێم هیچ ئامادەییەکی نییەو تەنها میوانی هەرێمە بۆ لوشدانی داهات وسامان و سەرکوتی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، لەدۆخێکی ئاوادا کە ئێران و ئەمریکا لە پێناو بەرژەوەندییە سیاسی و تەماحی باڵادەستیان لەناوچەکە، دەیانەوێت هەریمی کوردستانیش بکەنە گۆرەپانێکی ململانێیان و لەوەش زیاتر دەست ببەن بۆ شەڕی گەم و چەور، پێویستە بەرۆڵی خۆیان هەڵبستن و مەترسی ئەم ئەم ململانێییە لەم جوغرافیایەدا درک بکەن. رابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کریکاری و نارەزایەتی جەماوەری و کاراکتەرە چالاکەکانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان پێویستە لە ڕێگای سازدانی خۆپیشاندانی نارەزایەتی فراوانی جەماوەرییەوە، خواستی کردنە دەرەوەی حزوری سەربازی و هەواڵگری ئەمریکا و هاوکات بنکەو بارەگاکانی جمهوری ئیسلامی و دەوڵەتی تورکیا، بەدەستەوە بگرن و لەوەش زیاتر خاوەنداریتی بۆ چارەسەری سیاسی بۆ ئاییندەی سیاسی کوردستان، بەدەستەوە بگرن و ڕێگەنەدەن بزوتنەوە فشۆڵی کوردایەتی هیچی تر خۆیان بە پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە هەڵبواسن. لەم نێوەدا رۆڵی چەپ و کۆمۆنیستەکان چارەنووسازەو نابێت وەکو چاودێری سیاسی بمێنەوە، لەجێگای ئەوە پێویستە پرسی سیاسی کوردستان لەلایەن ئەوانەوە نوێنەرایەتی بکرێت و جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان لە دەوری نەخشەیەکی کارساز سازو ئامادە بکەن. تا ئەوکاتەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی هەمەکارەبن، هەر ئالۆگۆر و ڕوداوێکی لە ناکاو، دەتوانێت بەکارەسات بۆ خەڵکی کوردستان بشکێتەوە.

**سەرەتای تەموزی ٢٠٢١**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
سالار حەمەسەعید، ئاراس ڕەشید، عبدالرحمن ڕەسوڵ، عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر،کەژاڵ ئیبراهیم خدر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، هەتاو عەبدوڵاهی، حەکیم میرزا...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"لەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیا و بارگرژی نێوان پارتی و یەکەکە"

# با کرێکارانی کارگەی ئاسن و پۆڵای ماس و نوێنەرەکانیان لەتەنهاییدا بەجێ نەهێڵین!

## ڕاگەیاندنێك لەبڵاوکراوەی دەنگی کرێکارەوە بۆ ڕای گشتی؛

دوای ئەوەی٤٠ کرێکاری بەشی ئینتاجیەی کارگەی ئاسن و پۆڵای ماس لەکۆبوونەوەیەکی گشتیدا، سێ کرێکاریان بەنوێنەرایەتی خۆیان هەڵبژارد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر خواستەکانیان و لەئەنجامدا ئەم نوێنەرانەی کرێکاران لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کارگەدا لە٢٦/٦/٢٠٢١دا کۆبونەوە و داوایانکرد کە موچەکانیان زیادبکرێت، بیمەی خانەنشینیان بۆ جێگیر بکرێت، کرێکارانێکیتر بۆبەشی ئینتاج زیاد بکرێت وچەند داوایەکیتریش، بەڵام بەدوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەو گفتوگۆی هەردوولا، حاجی عمر ئیسماعیل، خاونی کارگەکە بڕیاریدا ئەو سێ کرێکارەی کە بەنوێنەرایەتی کرێکاران لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کار لەکارگەدا گفتوگۆیان کردوە، بگوازرێنەوە بۆ بەشی سکرابی کارگەکە، کەئەمەش بەمانای سزادانی نوێنەرانی کرێکاران و سەرکوتی هەرهەوڵێکی ئەوانە لەپێناو خواستە بەرهەق و ڕەواکانیاندا. بەڵام لەبەرامبەر ئەم بڕیارەی خاون کارگەدا، ئەمرۆ٢٧/٦/٢٠٢١ گشت کرێکارانی ئەو بەشە نارەزایەتیان بەرامبەر بە بڕیاری گواستنەوەی نوێنەرەکانیان لەبەشی ئینتاج بۆ بەشی سکراب دەربڕی و دەستیان لەکار هەڵگرت و داوایان کرد کەبڕیارەکەی بەڕیوەبەرایەتی کارگە هەڵوەشێتەوە و نوێنەرەکانیان بگەرێنەوە شوێنی خۆیان.

بەدڵنیاییەوە لەدۆخی قەیران گرتووی ئێستای کوردستان و ئەو هەمووگرانی و بێکاری و بێدەرەتانیەدا، کەیەخەی بەکرێکاران و خێزانەکانیان گرتووە، خواستەکانی کرێکارانی کارگەی ئاسن و پۆڵای ماس بۆ باشکردنی ژیانیان بەرهەقە و شێوازێکی خەباتکارانەی ڕەوایەو قابیلی ئەوپەڕی پشتیوانیە. ئەو بڕیارەی کە حاجی عومەر ئێسماعیل لەدژی نوێنەرانی کرێکاران داویەتی، بڕیارێکی زاڵمانە وسزایەکی نایاساییەو تەنها بۆ سەرکوتکردنی کرێکاران و بێدەنگ کردنیانە.

ئەم ڕوداوانەی کە لەکارگەی ئاسنو پۆڵای ماسدا بەڕێوەدەچێت، لەکاتێکدایە کەیاسای کارێک لەکوردستاندا نییە، کەمافو ئازادییەکانی کرێکارانی بەڕەسمی ناسیبێ وسنورێکی بۆ دەستدرێژیەکانی خاوەنکارو کۆمپانیاکان دانابێت، کەچی لەولاشەوە وەزارەتی کارو دادگای کار وسەندیکا بەناو کرێکاریەکانی سەربە ئەحزابی دەسەلاتدار، سەرەڕای ئاگاداربوونیان لەدۆخەکە، گوێیان لێخەواندووە وکاردانەوەیەک نیشان نادەن. بێگومان ئەمەش تەنها بەمانای ئەوە دێت کەئەم دامو دەزگایانە لەپشتی خاوەنکارو کۆمپانیاکان راوەستاون. بۆیە ئەوەی لەبەردەم کرێکاراندا دەمێنێتەوە، یەکڕیزی وخەباتی هاوبەشی خۆیان و پشتیوانی هاوچارەنوسەکانیانە. هەربۆیە نابێت کرێکارانی بەشی ئینتاجی کارگەی ئاسن و پۆڵای ماس ونوێنەرەکانیان بەتەنها بەجێبهێڵین، بەڵکو دەبی بەگوێرەی توانا هەموو کرێکاران پشتیوانی بکەن و بەشێوەی گونجاوی خۆیان بەرامبەر بەبەڕیوەبەرایەتی کارگەی ناو براو وحاجی عومەر ئیسماعیل نارەزایەتی دەربڕن.

بڵاوکراوەی دەنگی کرێکار لەگەڵ ئەوەدا ئەو بڕیارەی خاوەن کارگە بەسزایەکی نایاسایی و زوڵمێک دەزانێت کەدەرهەق بەکرێکارانی کارگەو نوێنەرانیان کراوە، هاوکات وەزارەتی کارو سەندیکانی سەربەدەسەلات بەبەرپرسیاری ئەم دۆخە دەزانێت. بڵاوکراوەی دەنگی کرێکار بانگەوازی سەرجەم کرێکارانی بەشەکانی کارگەی ناوبراو دەکات کە بەدڵسۆزیەوە لەپشتی نوێنەرانی خۆیان راوەستن و لەسەر داخوازیەکانیان سوربن.

بڵاوکراوەی دەنگی کرێکار
٢٧/٦/٢٠٢١



**پێشینەی ڕووداوەکە:**

کارگەی ئاسن و پۆڵای ماس یەکێک لە پرۆژە پیشەسازیەکانی هەرێمی کوردستانە، هەڵکەوتو لە ناوچەی بازیانی سەربەپارێزگای سلێمانیە. ئەم کارگەیە ٦٠٠کرێکار کاری تێدا دەکاو بەسەر چەند بەشێکیدا دابەشبوون. "بەشی دەرفەلە- یەک، واتە ئینتاجی یەک ٤٠ کرێکار کاری تێدا دەکەن. ئەم کرێکارانە ماوەیەکی زۆرە داوایان لە ئیدارەی کارگە کردووە کە موچەکانیان زیاد بکات، بەڵام ئیدارەی ئەم کارگەیە بەبیانوی جۆراجۆر داواکەیان دوا دەخاو ئامادە نییە کە زیادی بکات، کرێکارەکان دەڵێن ئاخرین جار چوینە لای ئیدارە و وەعدیاندا کە لەناوەراستی مانگی ٥ دوای ١ئایاری ئەمساڵ، موچەکانیان زیاد بکەن.

دوو ڕۆژ پێش یەکی ئایار بەرێوەبەری بەشەکەیان داوایان لێدەکات ڕۆژی یەکی ئایار کەپشوی رەسمیە بچنەوە سەرکار ئەوان دەڵێن ناچینەوە سەرکار چونکە ساڵی پار لەیەکی ئایاردا کارمانکرد وتمان زیادەکەمان بدەنێ، کەچی وتیان ئەوە خێرە کردوتانە و گاڵتەیان بەکرێکارەکان کرد. بۆیە ئەمساڵ نەچونەوە سەرکار و کردیانە پشوی رەسمی. بەڵام بەڕێوەبەری کارگە بەبیانوی ئەوەی کە داواکەی رەتکراوەتەوە، رۆژی دوایی ئەمرێکی ئیداری دەرکرد و لە لەوحەی ئیعلانات هەڵواسرا و تێیدا هاتبو هەر٤٠ کرێکارەکەی بەشی ئینتاجی / یەک، بۆماوەیەی یەکساڵ هیچ ئیمتیازات و زیادکردن و پاداشتێک شمولیان ناکات. چونکی سەرپێچیان لە داواکەی بەرێوەبەری بەشی ئینتاج کردووە. ئەمە لەکاتێکدا بەڕێوەبەری کارگە بەڵێنی دابوو لە١٥/٥/٢٠٢١ موچەی کرێکاران زیاد بکات.


کرێکارانی کارگەی ئاسن و پۆڵای ماس هەرئەوکات رای گشتیان لەم دۆخە ئاگادار کردەوە و وەزارەتی کار بەیانێکی بڵاوکردەوە و راگەیاند کە سزاکەیان بەکۆمپانیای ماس هەڵوەشاندۆتەوە، بەڵام کاتێ دەرکەوت سزاکە لەشوێنی خۆیدا ماوە و دواتریش بۆ تۆڵەسەندنەوە بڕیاری گواستنەوەی هەرسێ نوێنەرەکەی کرێکارانیاندا بۆ بەشی سکراب....

# دوا وتە

## هێرشی بەردەوام بۆ سەر هەولێر، هەڵگری چ پەیامێکە؟

**عەبدوڵا مەحمود**

لەم ساڵدا چەندین جار لەرێگای موشەکەوە هێرش کراوەتە سەر شاری هەولێر و بۆتە مایەی نیگەرانی و دڵەڕاویکی هاوڵاتیان... ٢٦ ئەم مانگەش لەڕیگای چەند فرۆکەی درۆنەوە" فرۆکەی بێ فرۆکەوان" کە هەڵگری مادەی تی ئێن تی بوون، جارێکی تر هێرش کرایە سەر گوندیکی نزیک هەولێر کە تەنها سێ کیلۆمەتر لەتەلاری نوێی کونسوڵخانەی ئەمریکاوە دوورە.



بەهەموو پێوانەیەک دەوڵەتی ئەمریکا لە عێراقدا، شکستی خوارد و بەرهەمی ئەم شکستەشی بەر لەهەموو لایەک کۆماری ئیسلامی ئێران، چنیەوە. ئێران بەدوای کەوتنی دەسەڵاتی بەعسەوە دەسەڵاتی گوێ لەمستی خۆی لەبەرامبەر ئەلتەرناتیفی ئەمریکا و غەرب و تەنانەت دنیای عەرەبدا، دانا و دەستی ئەوانی لە بڕیاری یەکلاکەرەوەی سیاسی لە عێراق و چۆنیەتی بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراقدا، کورت کردەوە.

شکستی ئەمریکا لە عێراق و چنینەوەی بەرهەمی روخاندنی بەعس، لەلایەن ئێرانەوە، چوارچێوەیەکی دا بە ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران. ئەم ململانێیە سەرباری هەر هەڵبەز و دابەزێکی، بەڵام بەشێوەی سەرەکی چ لە عێراق و چ لە تەواوی ناوچەکەدا درێژەی پەیدا کرد. ئەمریکا لەرێگای کوشتنی قاسمی سولەیمانی و سەرۆکی حەشدی شەعبی ویستی رۆڵی ئێران چ لە عێراق و چ لەناوچەکەدا کەم بکاتەوە و هاوکاتیش رۆڵی خۆی زیاد بکات و قەرەبووی شکستی سیاسی و سەربازیشی بکاتەوە. بەڵام کوشتنی قاسمی سولەیمانی، لەگەڵ ئەوەدا گورزێکی کاریگەربوو لە ئێران، بەڵام هاوکات دەوازەی بۆ دەورەیەکی تر لە ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران کردەوەو ئاستی ململانێکانی توندتر کرد. ئێران بەڵێنی تۆڵەکردنەوەی لە ئەمریکا راگەیاند و لەپێشی هەموو بەڵێنەکانیشیەوە، دەرکردنی هێزە سەربازی و هەوالگری ئەمریکا لە عێراق بوو. بۆیە بەدوای کوژرانی قاسمی سولەیمانیدا چەندین جار بنکەو قونسوڵی ئەمریکا، لە بەغدا هیرشیان کرایە سەر و ئەمنیەتی هێزەکانی ئەمریکا و قونسوڵخانەکەی کەوتنە ژێر رەحمەتی موشەکی هێزەکانی سەر بە ئێران.

هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی زۆنی... بۆ لاپەڕە 13